# سەلیقەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی 'میرنامە 'ی جان دۆستدا

پ.د. سیروان جـەبار ئـەمین
بەشی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران،
Sirwan.amin@soran.edu.iq

م.ی. مهدی أحمد محمود
ئامادەیی ژاراوە، پەروەردەی پشدەر، وەزارەتی پەروەردە
mahdi.ahmed@uor.edu.krd /

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/٢٥

**پوختە:**
گێڕانەوە وەکو پرۆسەی گوزارشتکردن و درکاندن بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە، لەبەر ئەوە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بە گێڕانەوە ئاماژەی بۆ ئەو ڕووداوانە کردووە، کە لەڕابردوودا ڕوویانداوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی 'سەلیقەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی میرنامەی جان دۆستدا' هەوڵێکە بۆ ناساندنی ڕۆمانی میرنامە و تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا. توێژینەوەکە لەدوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باسی زاراوە و چەمکی گێڕانەوە و گێڕەرەوە و جۆر و شێوازەکانیمان کردووە. لەبەشی دووەمدا باسی وەسفی شوێن و وەسفی کارەکتەر و دایەلۆگ و مۆنۆلۆگمان کردووە، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە ڕۆمانی'میرنامە'دا خراوەتەڕوو، هەروەها باسمان لە ناوەڕۆک و تایبەتمەندی و جیاوازی سەلیقەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی میرنامە لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەدا کردووە. لە کۆتاییدا ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

وشە کلیلەکان**:** کات، شوێن، کارەکتەر، دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ.

## پێشەکی

ڕۆمان بێ گێڕانەوە لەدایک نابێت، هەموو ڕۆمانێک گێڕانەوەیە، لەکاتی گێڕانەوەی ڕۆمانێکدا پێویستە چەند تەکنیکێک بەکاربهێنرێت، ئەویش پەیوەستە بەوەی، کە ڕۆماننووس تاچەند شارەزایی و لێهاتوویی لەبەکارهێنانیاندا هەیە، سەلیقەی گێڕانەوەش چەند تەکنیکێک لەخۆدەگرێت لەوانە دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، وەسف ...هتد بەپێی پێویست هەریەک لەمانە لەنێو ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت، لێرەدا ئێمە بەپێی توانا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر هەندێکیان، پاشان بەنموونەی نێو ڕۆمانەکە زیاتر ڕوونیان بکەینەوە...

سەلیقەی گێڕانەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا وردە وردە گەشەدەکات و پێش دەکەوێت، ئێمەش ویستمان لەم گەشەکردنەدا جێ پەنجەمان دیار بێت و لەژێر ناوی ' سەلیقەی گێڕانەوە لە میرنامەی جان دۆستدا' توێژینەوەیەکمان

ئەنجامدا. بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی سەرباری بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانیشی وشیارکردنەوەی گەلەکەمان بووە، لە کێشەوگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، جان دۆست لە ڕۆمانەکەیدا لەرێگەی کارەکتەری 'ئەحمەدی خانی' یەوە بەگەڕانەوە بۆ مێژووی چەندین ساڵەی باپیرانمان پێمان دەڵێت ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی گەورەترین زیانی بەدۆزی ڕەوای گەلی کورد گەیاندووە.

هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە وەك دەقێکی ئەدەبی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ناوەرۆکدا گرنگی زۆری بەخستنەڕووی بیری نەتەوەیی و بزووتنەوەی شۆڕشگێری کورد لە ناو ئەدەبدا و بەتایبەت بۆ ژانرێکی گرنگی وەك ڕۆمان، کە ڕۆمانیش یەکێکە لە ژانرە گرنگ و فراوانەکانی ئەدەب و لە سەردەمی ئەمڕۆدا جێگەی گرنگی پێدانی زۆرینەی توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبە.

میرنامە ڕۆمانێکە کە ئەحمەدی خانی کراوەتە هەوێنی ڕووداوەکانی، کە هەوڵێکی گرنگە لەپێناو نوسینەوەی مێژووی ژیانی کۆمەڵگای کوردی لە رووی سیاسی، ئابووری، کلتوورییەوە شیدەکاتەوە، بە تایبەت دۆخی باکووری کوردستانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی و تێڕوانینی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ ژیان، دۆخی ژن و ڕوانین بۆ کتێب، زانست و دۆخی شاعیران.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە باس لە دەرخستنی خاڵی بەهێزی دەقی ڕۆمانی 'میرنامە' یە بەتایبەتی لەبواری بەکارهێنانی سەلیقەی گێڕانەوە تاچەند ڕۆماننووس توانیویەتی سەلیقەیەکی جوان ڕەنگڕێژ بکات لەگێڕانەوەی دەقی ڕۆمانەکەدا، بۆیە هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر لایەنە شاراوەکانی و بایەخ بە گرنگی گێڕانەوەکە دەدەین.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی پەیرەوکراو لە توێژینەوەکەماندا 'وەسفی شیکاری'یە، ڕێبازی وەسفی بۆ وەسفکردن و خستنەڕووی لایەنی تیۆری ڕۆمانەکە، ڕێبازی شیکاری بۆ شیکارکردنی گێرانەوە و لێکدانەوەی دەقی ڕۆمانەکە.

## گیروگرفتی توێژینەوەکە:

سەلیقەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە یاخود لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە، لە بەشێک لە گێرانەوەکانی دیکەدا گێڕەرەوەکان یان ڕووداوەکانیان شێواندوون یان بە ئاراستەی بیرکردنەوە و بەرژەوەندی خۆیان گێراویانەتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی میرنامەی جان دۆستدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر گێرانەوەدا هاتووە و تەکنیکێکی ورد و سەلیقەیەکی ڕاستگۆیانە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی بۆ گێڕاوینەوە، لەبەر ئەوە ناکرێت هەمان تێڕوانینمان هەبێت بۆ گێرانەوەکانی پێشوو گێرانەوە لە میرنامەدا.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە دووبەش، کە یەک بەشیان تیۆری و بەشەکەی تریان پراکتیکییە:

بەشی یەکەم :بەسەر چوار تەوەر دابەشکردووە، بە جۆرێک لە تەوەری یەکەمدا باسی چەک و پێناسەی گێرانەوەمان کردووە، لە تەوەری دووەم ڕۆڵی گێرانەوە لەڕۆماندا دەگرێتەخۆی، لە تەوەری سێیەمدا چەمک و پێناسەی گێڕەرەوەمان

sjh@univsul.edu.iq

ڕوونکردۆتەوە، تەوەری چوارەمیش تەرخانکراوە بۆ جۆرو شێوازەکانی گێڕەرەوە. تەوەری پێنجەمیش تەکنیکی گێڕانەوەیە لە میرنامەدا.

بەشی دووەم : بەسەر سێ تەوەردا دابەشکردووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی وەسفمان کردووە، کە ئەویش دوو خاڵ دەگرێتەخۆی خاڵی یەکەم باسی وەسفی شوێنمان کردووە و لە خاڵی دووەمدا باسی وەسفی کارەکتەرمان کردووە، لە تەوەری دووەمدا باسی دایەلۆگ کردووە، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە 'میرنامە'دا خراوەتەڕوو، تەوەری سێیەم باسی مۆنۆلۆگمان کردووە، کە ئەویش بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەنجامدراوە، تەوەری چوارەمیش باسمان لە ناوەڕۆک و تایبەتمەندیی و جیاوازی گێڕانەوە کردووە. لە کۆتایی توێژینەوەکــەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان باسکراون، لەگەڵ لیستی ئەو سەچاوانەی سوودمان لێوەرگرتوون لە توێژینەوەکەدا.

## بەشی یەکەم

## چەمک و پێناسەی سەلیقەی گێڕانەوە و گێڕەرەوە:

### تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی سەلیقەی گێڕانەوەی ئەدەبی:

سـەلیقەی گێـڕانەوە مێژوویەکـی دووردرێـژی هەیە، نەک وەک تەکنیـک، بەڵکـو وەکـو دیـاردەیەک، هەر لەسـەرەتاوە مـرۆڤ بە گێـڕانەوە ئامـاژەی بـۆ ئەو ڕووداوانە کـردووە، کە لە ڕابـردوودا ڕوویانـداوە، ئەمەش سـەلمێنەری ئەوەیە کە هەزاران ساڵ بەر لە نووسین گێڕانەوە و سەلیقەی گێڕانەوە هەبووە، گێڕانەوە پشت بە زمـان دەبەستێت و کەرەستەیەکی زمانەوانییە، بەم پێیەش 'پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان زمان و گێڕانەوەدا هەیە، زمان بەبێ گێڕانەوە بێمانـا و بێگیـانە و گێڕانەوەش بێ زمان هەر ناکرێت " شێروانی، ٢٠١٢:٥٣'.

گێڕانەوە وەکو پرۆسەی گوزارشتکردن و دەرکاندن بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە، هەروەها بنەمایەکی سەرەکییە لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا، ئەم تەکنیکە لە ئەفسانە و حیکایەتی میللییەوە سەریهەڵداوە، وردە وردە بەرەوپێش چووە، تاکو ئەم شێوە هونەرییەی ئێستای لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا وەرگرتووە ' مستەفا،2010 149:'.

ئەگەر هەوڵبدەین پێناسەی ئەم چەمکە بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین سەلیقەی گێڕانەوە بریتییە لە: 'گێڕانەوەی ڕووداوێک یان زیاتر لە ڕووداوێک، کە لە ڕووداوێکی ڕاستیەوە هاتبن، یان دروستکراوی ئەندێشە بن' ' ئیبراهیم، :2015 3'.

ئەو ڕووداوانەی، کە دەگێڕدرێنەوە دەشێت هەندێکیان ڕاستی بن و لەجیهانی واقعدا ڕوویاندابێت، هەنـدێکی دیکەشـیان لەخەیاڵی کەسی گێڕەرەوە هاتبن و دووربن لەڕاستییەوە یـان هەنـدێکیان هێشـتا ڕوویـان نەدابێت و لەداهـاتوودا ڕووبـدەن، وەکو پێناسـەش لە فەرهەنگی ''هەمبـانە بـۆرینە''شدا بەم شـێوەیە پێناسـەی گێـڕانەوە کـراوە: 'گێڕانـدنەوە: گێڕانـدنەوەش، بەواتای باسکردنی قسەی گوتراو'. 'موکریانی، 1388،871'.

ئاشکرایە کە سەلیقەی گێڕانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە جیاوازە، لەم بارەیەوە 'ڕۆلان بارت' پێیوایە، 'کە سەلیقەی گێڕانەوە پەیوەست نییە بە باشی و خراپی ئەدەبەوە، چونکە گێڕانەوە شتێکی گشتە، لە مێژوو باڵاترە' ' ئیبراهیم،'5 2015:

sjh@univsul.edu.iq

گێرانەوە و سەلیقەی گێرانەوە بە یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی هونەری دەق دادەنرێت، بگرە مەرجی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی دەقەکەشە، هەر لەبەر ئەمەشە گێرانەوە پەیوەندی بەهێزی بە لایەنەکانی دیکەی دەقەکەوە هەیە، چونکە 'گێرانەوە، شێوەی، یان هونەری گەیاندنی چیرۆکە بە خوێنەر، ئەویش بە زمانێکی تۆمارکراوی چەند ڕووداوێک و چەند کەسایەتییەك، لە جێکاتێکی ئەوتۆدا، کە ئەو خوێنەرە ڕابکێشێت و سەرسامی بکات "سەراج، 2007ز، 50'.

دەق ئەگەر هونەری گێرانەوەکەی پتەو نەبێت، ئەوا هەر زوو خوێنەر بێزاردەکات، هەروەها پێویستە ڕەچاوی گێرانەوە بکرێت لەنێو دەقدا. تیشک بخرێتەسەر ئەو ڕەگەزانە بۆئەوەی دەقەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێت، تا خوێنەر چێژی زیاتر لە دەقەکە ببینێت، چونکە هەریەک لەو ڕەگەزانە بنچینەیەکی گرنگ پێکدێنن لە بنیاتی گێرانەوەی دەقدا، بەکارهێنانی کۆی ئەم ڕەگەزانە گێرانەوەیەکی توندوتۆڵ و تۆکمە بەدەق دەبەخشێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەری دەق پشوویەکی زیاتری لەگەڵ دەقەکەی بەردەستیدا هەبێت، هەروەها 'گێرانەوە شتێک نییە لەخۆیەوە هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو ڕێگایەکە، چیرۆکبێژ یان داهێنەرێکی میللی بەرهەمی خۆی لەڕێی گێرانەوەوە پێشکەش بەخوێنەر دەکات' 'موفتی:٢٠١٢: ١٢'.

گێرانەوە دەرکەوتەیەکە بە شێوەی ئاشکرا و بەرچاو لەژێر دەسەڵاتی ئەدەبیات دەردەچێت و یەکێک لە پێکهێنەرانی تێگەیشتنی ئێمە لە واقیعە. تا کاتی مەرگ و ئەو کاتەی ئەکەوینە گۆ و قسەکان فام دەکەین، بە بەردەوامی لە ناو گێرانەوەکاندا دەژین، سەرەتا لەناو خێزان، دوایی قوتابخانە و دواتر لە ڕێگەی بیستن و خوێندنەوە. خەڵکانی دیکە بۆ ئێمە، تەنیا ئەو شتانە نین، کە بە چاو بۆمان دەرکەوتووە، بەڵکو ئەو شتانەش دەگرێتەوە، کە ئەوان لەسەرخۆیان بۆمان دەگێرنەوە یان ئەو شتانەش، کە کەسانی دیکە لە سەر ئەوان بۆمانی دەگێرنەوە دەگرێتەبەر. تەنیا ئەو شتانە نیین کە دەیبینین، بەڵکو هەموو ئەو شتانەیشن کە لە سەریان قسەیان بۆ کردووین. ئەمە تەنیا لە سەر مرۆڤەکان ڕاست نییە، بەڵکو بۆ شتومەک و هەروەها بۆ نموونە ئەوشوێنانەش دەگرێتەوە، کە من نەچووم، بەڵام کەسانی دیکە لە سەری بۆم دواون...

ئەو ڕەوایەتەی، کە ئێمە تێیدا دەژین شێوازگەلی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت: "لە گێرانەوە خێزانییەکان، ئەو زانیاریانەی کە لە سەر مێزی خواردن لە لایەن کەسانی دیکەی خێزانەکەتان لەسەر ئەوەی بەیانی ئەنجامیانداوە بۆ یەکدی دەگێرنەوە تا هەواڵی ڕۆژنامە یان کتێبە مێژووییەکان، هەر کام لەم شێوازانە بەجۆرێکی تایبەت گرێماندەدات بە واقیعەوە. تەواوی گێرانەوە حەقیقییەکان تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە ئەویش ئەوەیە بەشێوەی گشتی جێی تونێژینەوەن" 'زادە،2018: 15'.

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی گێڕانەوە لەڕۆماندا:

گێرانەوە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بنیای تێکستی ڕۆمان و چیرۆک دادەنرێت، مەرجی سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبیش بەندە بە جۆری ئەو کــەرەستانەی کە تێکستەکەی پێ دەگێردرێتەوە، گێرانەوە 'دەبێتە پارمەتیدەر و ئامرازێک بۆ چنینی پەیوەندی نێوان ئەو بنەما هونەریانەی، کە دەقەکەی لەسەر دروستدەبێت، چونکە گێرانەوە وەک بنەمایەکی باڵادەست لە دەقی ڕۆماندا سەیر دەکرێت، کـــەواتە بەردی بناغەی پێکهاتەی ڕۆمان گێرانەوەیە، بۆیە هەر ڕۆمانێک خـــاوەن گێرانەوەیەکی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا نابێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو"خدر، 2012:35 '.گێرانەوە

پەیوەندیەکی زۆری بە ڕەگەز و تەکنیکەکانی چیرۆک و ڕۆمانەوە هەیە، بۆیە گێرانەوە 'واتا: ئاستی هونەری زمانی دەق( TEXT)، بە ڕستەی کورت، یان درێژ بە ڕستەی فرمان، یان ناوی...هتد. دەشێت گێرانەوە، باس لە شوێن یان کەسانی تر بکات، دەشگونجێت، کەسەکە لەخۆیەوە دەستپێبکات' 'سەراج، ٢٠٠٧ :١٤'.

کاتێک، کە ڕۆماننووس ڕۆمانێک دەنووسێت، جیهانێکی نوێ و جیاواز دەخوڵقێنێت، بۆیە 'کاتێك کە دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانێک دەکەین کـــەمتر ئەگەری ئەوە هەیە کە پێشتر بزانین ڕۆماننووس دەیەوێت چ جۆرە ڕووداوێک بگێڕێتەوە یان چ لێکۆڵینەوەیەک دەخاتەڕوو' ' حسن'٢٠١٨:٩٤'. هەروەها ڕۆمان جۆرێکی نووسراوە لە جۆرەکانی گێرانەوە، ئەگەر گێرانەوە چەند جۆرێکی هەبێت، ئەوا ڕۆمان یەکێکە لە جۆرە باڵاکانی گێرانەوە.

گێرانەوە بەپێی گۆڕانی نووسەری ڕۆمانەکە دەگۆڕێت، بۆیە گێرانەوە دەبێت شێوەیەکی هونەری وەربگرێت و لەلایەن کەسـێکەوە ئەنجامبـدرێت و ئاراسـتەی وەرگرێـک بکرێـت و کەرەستەکەشـی گێـڕانەوەی ڕووداوێـک، یـان بەسەرهاتێکە و مەبەستیشی وروژاندنی هەستی وەرگرەکە بێت 'خدر،٢٠١٢ :٣٥'.

خوێنەری ئەو ڕۆمانە تا چەند دەتوانێت هەست بەشێوە هونەرییە جیاوازەکانی ناو ڕۆمانەکە بکات و ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوودەدەن هەستی دەورووژێنن و پەلکێشی دەکەن و وای لێ دەکەن چێژێکی تایبەت لە دەقەکە ببینێت.

شێوەی تایبەتی گێرانەوە لە ڕۆماندا سەرنجی 'بۆتۆر' ڕادەکێشێت، دەڵێت: 'ئەم جۆرە گێرانەوەیە، وەک دیاردەیەک هەتا ئەودیو سنوورەکانی ئەدەب دەڕوات و بەمجۆرە دەبێت بە یەکێک لەکۆڵەکەکانی تێگەیشتنی ئێمە لە واقیع' 'زادە، 2015 :10'. گێرانەوە لە ڕۆماندا 'تەکنیکی ساکار و خێرای هەواڵدەری ڕووداوەکانە، هەروەها چۆنیەتی پەرەسەندنیان لەپاڵ پێشکەشکردنی کۆمەڵێ کەسایەتی و ڕووداو لەلایەن بگێڕەوە، کە لەگەڵ کاتی ڕۆمانەکەدا هەڵدەکشێن بەرەو ترۆپک و هەم لەگەڵیدا شۆڕدەبێتەوە بەرەو کۆتایی' ' سەراج،2007: 76'.

گێرانەوە بەپێی ئەو پانتاییەی، کە لەڕۆماندا داگیریدەکات چەندین ئەرک دەبینێت وەک ئەوەی کە ڕووداوەکان پێش و پاش دەخات، هەندێکیان بەکورتی و هەندێکیان بەدرێژی بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی لایەنێک، دیمەنێک، یان بابەتێکی گەرمی ناو ڕۆمانەکەیە. 'ئەرکێکی دیکەی گێرانەوە بەدیارخستنی هەموو ئەو شتانەی نووسەر دەیزانێ لەبارەی کاراکتەر و هەوڵدانیەتی بۆ چوونە ناو ناخی شاراوەی کاراکتەر و دۆزینەوەی تایبەتمەندی و سیفەتەکانی' ' موفتی:١٣: ٢٠١٢:'. پەیوەندی ڕۆمان بەو واقیعەی، کە چواردەورمانی تەنیووە، تەنیا بەوە گرێنەدراوەتەوە ، کە ڕۆمان بۆمانی لێکدەداتەوە ، بەو مانایەی کە قرتانێکی خەیاڵی بێت لە واقیع قرتانێکی جیا و دەسکەوتوو، کە بتوانین لە نزیکەوە خوێندنەوەی لەسەر بکەین. جیاوازی نێوان ڕووداوەکانی ڕۆمان و ڕووداوەکانی ژیان تەنیا لەوەدا نییە، کە دەکرێت لەسەر ڕووداوەکانی ژیان بکەوینە پشکنین و توێژینەوەوە لە حاڵێکدا ڕووداوەکانی ڕۆمان تەنیا لە ڕێگەی ئەو دەقەی کە بەرهەمی هێناوە لە بەردەستدا بێت، بەڵکو ڕووداوەکانی ڕۆمان، لە ڕووداوە واقعییەکان زۆر جوانتر و سەرکەتووترن. دروست بوونی ئەم ڕووداوە خەیاڵیانە، وەڵامدەرەوەی پێویستیەکەو کارکردێکی هەیە. کەسایەتیە خەیاڵییەکان بۆشاییەکانی واقع پردەکەنەوە و زانیاریمان لە بارەیانەوە پێ دەبەخشن.

## تەوەری سێیەم: چەمک و پێناسەی گێڕەرەوە:

بۆئەوەی پرۆسەی گێرانەوە بە ڕێڕەوی سروشتی خۆیدا بڕوات، پێویستە ئامرازێک هەبێت ئەو گێرانەوەیە ئەنجامبدات و بیگەیەنێت بەدەستی وەرگر، ئەو ئامرازەش ناوی گێڕەرەوەی لێنراوە، گێڕەرەوە دەنگێکە، یان کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، ئێمە لەڕێگەی ئەو شێواز و تەکنیکانەی گێڕەرەوە بۆ گێرانەوەی دەقەکە بەکاریدەهێنێت بە

sjh@univsul.edu.iq

دەقەکە ئاشنادەبین، لەبەرئەوە سەرکەوتوویی گێڕەرەوە بە چۆنیەتی گێڕانەوە و گۆشەنیگاکانی ئەوەوە بەندە، سەرنجراکێشانی خوێنەر و درەنگ بێزاربوونی لەدەق بە چۆنیەتی گێڕانەوەی گێڕەرەوە لەنێو دەقەکەدا بەندە.

گێڕانەوە و گێڕەرەوە دوو ڕەگەزی بنچینەیی دەقن لە پاڵ ڕەگەزەکانی دیکەی دەقدا، هیچ دەقێک بەبێ ئەم دوو ڕەگەزە بنیاتنانرێت، لەم بارەیەوە نەجم ئەلوەنی دەڵێت: 'هەرچەندە ڕۆمان هەوڵبدات لە ڕەگەزی گێڕانەوە و دەوری گێڕەرەوە دووربکەوێتەوە، ناتوانێت بەتەواوی لەوانە دەستهەڵبگرێت، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆمان و چیرۆک لەسەر بنەمای ئەو دوو ڕەگەزە دامەزراون، هەتا ئەو دوو ژانرە ئەدەبییە بەردەوام بن ئەو دوو ڕەگەزەشیان تێدا دەمێنێت' 'ئەلوەنی، 2004: 73'. کەواتا گێڕەرەوە ئەو کەسەیە، کە چیرۆک دەگێڕێتەوە جا ئەو چیرۆکە ڕاستی یان خەیاڵی بێت، مەرجیش نییە گێڕەرەوە دەربکەوێت، لەوانەیە بە جێناوێک یان ڕەمزێک خۆیمان نیشانبدات.

تۆدۆرف دەڵێت: 'گێڕەرەوە بکەرێکە لەهەموو پرۆسەیەکی بنیاتناندا هەیە' ' خدر، ٢٠١٢: ١٦'. لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەرکی گێڕەرەوە گەیاندنی ڕووداو و پێشهاتەکانە بە خوێنەر، کەواتە گێڕەرەوە زمانحاڵی دەقی ڕۆمان و چیرۆکە بە هەموو تەکنیکەکانیەوە. گێڕەرەوە 'ئەو کەسەیە، کەڕووداوی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە، لەتوێی گێڕانەوەکەیدا، کەسایەتی و جێکات و هەموو شتێکی پێ دەناسێنێت، دەشێت نووسەر کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە بێت ' 'سەراج،٢٠٠٧ :٧٧.'

کاتێک گێڕەرەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە 'مەرج نییە خودی نووسەری ڕۆمان بێت، بەڵکو وەکو هەموو کەسێتییەکانی دیکەی ناو ڕۆمان لەلایەن نووسەری ڕۆمانەوە دروستدەکرێت و ڕۆڵی پێ دەسپێردرێت' 'سەعید، 2009: 30'.

گێڕەرەوە بوونەوەرێکە لەلایەن نووسەری ڕۆمانەوە دروستدەکرێت و ئەرکی گێڕانەوەی تەواوی دەقەکەی پێ دەسپێردرێت، کە بە گێڕانەوەکانی کاراکتەر و کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان لە ڕووداوەکاندا بەرجەستەدەکات، ئەوانیش بەپێی ئەو ئەرکەی، کە گێڕەرەوە پێیان دەسپێرێت لەنێو ڕووداوەکاندا ڕەنگدەدەنەوە و دەبنە بەرجەستەکەری تەکنیکەکانی گێڕانەوە. تا چەند گێڕەرەوە ئەرکە تەکنیکییە جیاوازەکان بە کاراکتەر و کەسایەتییەکان بسپێرێت، ئەوەندە هونەری دەقەکە دەوڵەمەندتر دەبێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە جیاوازی لەنێوان نووسەری ڕۆمان و گێڕەرەوەی ڕۆماندا هەیە، هەرچەندە کە گێڕەرەوەش لەلایەن ڕۆماننووسەوە دروستکراوە، بەڵام ئەم جیاوازیە، مانای سڕینەوەی یەکجارەکی دەنگی ڕۆماننووس نییە لەناو کارە هونەریەکەیدا، لەڕاستیدا ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا جیهانی ڕۆمانەکە دەبێتە جیهانێکی میکانیکی و لە هەموو هەست و سۆز و داهێنانێک خاڵی دەبێتەوە و تووشی وشکی و برینگی دەکات.

## تەوەری چوارەم: جۆرەکانی گێڕەرەوە:

هەڵبژاردنی گێڕەرەوە لەلایەن نووسەرەوە کارێکی هونەرییە، 'بەڵام لەپێشت ئەم کارەوە نووسەری چیرۆک بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە جیهان دەخاتەڕوو، جگە لەوەش بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆخۆی نەیەتەناو ئەو جیهانەوە ئەم گێڕەرەوەیە دەیخوڵقێنێت " ئەلوەنی، 2015: 9'. نووسەران و توێژەران چەندین تێڕوانینیان دەربارەی جۆرەکانی گێڕەرەوە خستۆتەڕوو، دواین ڕوانین، تێڕوانینەکەی "تزفیتان تودۆرفە"، کە بەسوود وەرگرتن لە زانستی ماتماتیک 'بیرکاری' ئەم دابەشکردنەی کردووە، ئەویش بە وەرگرتنی هێمای گەورەترین <، بچووکترین >، بەهۆی ئەم هێما ماتماتیکیانەوە سێ فۆڕم لە کرداری گێڕەرەوە دروستدەکات، کە پێکدێن لە:

sjh@univsul.edu.iq

1) گێڕەرەوە > کاراکتەر 'زانیاری گێرەرەوە لەبارەی کاراکتەرەکەوە لە زانیاری کاراکتەرەکە زیاترە لەبارەی خۆیەوە.'
2) گێڕەرەوە = کاراکتەر 'زانیاری گێرەرەوە لەبارەی ڕووداوەکان و کاراکتەرەکانەوە لەگەڵ زانیاری کاراکتەرەکان خۆیاندا، یەکسانن.'
3) گێڕەرەوە $Type\ equation\ here.$ کاراکتەر 'زانیاری گێرەرەوە لە زانیاری کاراکتەرەکـانی ناو ڕۆمانەکە کەمترە "سەعید: 179-181-185-192'.

بەپێی ئەم دابەشکردنەی تۆدۆرف، هەریەک لەم گێرەرەوانە خاوەن خاسیەتی تایبەتی خۆیانن لەرووی پەیوەندی بە کاراکتەرەکان و چۆنیەتی سیستەمی گێرانەوەی دەقی ڕۆمانەکە و ئەو زانیارییانەی، کە پەیوەستن بە کاراکتەرەکانەوە و ئاگاداربوونی گێرەرەوە لەو زانیاریانە.

ڕەخنەگری فەرەنسی جان بۆیون بۆچوونێکی دیکەی هەیە، ئەویش بینین دەکاتە پێوەر بۆ جۆرەکانی گێرەرەوە و بەسەر سێ جۆردا دابەشیدەکات، ئەوانیش:

1) بینین لەدواوە: کەسایەتی هیچ شتێک لە گێرەرەوە ناشارێتەوە، گێرەرەوە بەتەواوی دەیناسێت.
2) بینین لەگەڵ: زانینی گێرەرەوە یەکسانە بە زانینی کەسایەتییەکە.
3) بینین لە دەرەوە: زانینی گێرەرەوە کـەمترە لە زانینی کەسایەتییەکە' خدر2012 :37-38.'

توێژەران دوودەستە لە شێوازی گێرەرەوە دەستنیشان دەکەن ئەوانیش:

## یەکەم : گێڕەرەوەی بابەتی:

گێرانەوەی بابەتی هەندێکجار گێرانەوەی داستانیشی پێ دەوترێت، لەبەرئەوەی ڕەگ و ڕیشەی گێرانەوەی بابەتی بۆ داستان دەگەڕێتەوە 'چونکە داستان پشتی بە گێرەرەوەی هەمووشتزان دەبەست، کە وەکو هۆکارێکی گەیەنەر لەنێوان کاراکتەر و خوێنەراندا بوو، واتە گێرەرەوەی هەمووشتزان، کە لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا دەوەستێت و بەرێگەی جێناوی کەسی سێیەمی نادیار گێرانەوەکە ئەنجامدەدات، سەربەستییەکی تەواوی لە هەڵسوراندن و باسکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکاندا هەیە و بە ئارەزووی خۆی بەناو تەواوی ڕەگەزەهونەرییەکانی ڕۆماندا گوزەردەکات و وەسفێکی گشتی کات و شوێن دەکات، جگە لەمەش ڕۆڵی لە دروستکردنی کەسێتی کاراکتەرەکانیشدا هەیە، چونکە ئاگاداری ناو ناخی ئەوانیش دەبێت' ' سەعید،2009 : 195-196'.

لەم شێوازەدا گێرەرەوە بوار بۆ هیچ کەس و کاراکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە ناهێڵێتەوە، کە گوزارشت لەخۆیان بکەن و چۆنیان بوێت ئاوا خۆیان نمایشبکەن، دەبێت ئەوان جێبەجێکاری تەواوی ئەو ئەرکانە بن، کە گێرەرەوە پێیان دەسپێرێت، لێرەدا گێرەرەوە 'ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت بیر و هەستی شاراوەی کاراکتەرەکانیش' 'موفتی،16 2012: '.

## دووەم : گێڕەرەوەی خودی:

مەبەست لە گێرەرەوە خودی ئەوەیە، کە لەڕووداوەکاندا بەشدارە، هەر خۆیشی دروستکەر و جێبەجێکاری ڕووداوەکانە، ئەگەر لە گێرانەوەی بابەتیدا گێرەرەوە هەمووشتزان بێت و دەستی باڵای بەسەر کاراکتەر و ڕووداوەکانەوە هەبێت، ئەوا لە گێرانەوەی خودیدا گێرەرەوە لە بەئەنجام گەیاندنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی هەیە، چیرۆکەکە لەناوەوە دەگێڕێتەوە و بە بینینێکی خودییانە پێشکەشیاندەکات، زانیاریشی لەبارەی کاراکتەرەکانەوە زۆرە'موفتی،28 :2012 ' هەروەها لە

گێرانەوەی خودیدا گێرەرەوە سەربەستییەکی تەواو بە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە دادات 'کاراکتەرەکان خۆیان لەگەڵ خوێنەر دەدوێن و سەربەستییەکی تەواویان هەیە' ' شێخ محمد ، 2009: 66.'

لەم شێوازەدا گێرەرەوە هیچ ڕۆڵێک بۆ گێرەرەوەی هەمووشتزان ناهێڵێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی گێرەرەوەکەوە شوێن پێی ڕووداوەکان دەکەوین و بەدوای وردەکاری ڕووداوەکاندا دەڕۆین 'بۆئەوەی ئەمەشمان بێتەدی بەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە، لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دێینەوە ناوەوەی ڕووداوەکان'، 'تەکنیکی گێرانەوە لە ڕۆمانی 'ئێوارەی پەروانە'ی بەختیار عەلی دا، 'سەعید، :2009961'. هەروەکو 'میشال بۆتۆر' دەڵێت: 'جێناوی نادیاری ئەو لە دەرەوەمان بەجێدەهێڵێت، کەچی جێناوی 'من' بۆ ناوەوەمان دەگوێزێتەوە' ئەڵوەنی،2004 : 75'. لەم جۆرە گێرانەوەیەدا گێرەرەوە 'دروستکراوی چیرۆکنووسە و زانیاری زۆری لەبارەی بەسەرهاتەکانی پاڵەوان و کەسانی دیکەی نێو چیرۆکەکەوە نییە' ' گەرمیانی، 2012، 83'. ئەوان خۆیان سەربەستن لەوەی، کە چۆن گوزارشت لەخۆیان دەکەن.

## تەوەری پێنجەم: سەلیقەی گێڕانەوە لەڕۆمانی میرنامەدا:

جان دۆست بە زەوق و سەلیقەوە سەردەمی کۆنی میللەتی کوردمان بۆ دەگێرێتەوە، گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی میرنشینە کوردییەکان، کە چۆن میرەکوردەکان بوونەتە نۆکەری داگیرکەرانی وەك دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، بەردەوام پەلاماری یەکتریان داوە، ئەم سەردەمەش' سەدەیەکی پڕ لە کێشەی تیژە لە نێوان میرنشینەکانی کورد و هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارس و عوسمانیدا، کە دەیانویست کوردستان داگیربکەن 'ڕەسول،'73: 2008'. ئەمەش دواجار بووەتەهۆی شکستی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد، لەم نێوەندەشدا ڕۆماننووس 'ئەحمەدی خانی'ی وەك ڕۆشنبیرێك دژی دەسەڵات دەرخستووە، کە لە ڕێگەی ئەمەوە پەنجە لەسەر هەڵە و کەموکورتییەکانی میرنیشینە کوردییەکان دادەنێت و ڕەخنەی ئەوەیان ئاڕاستەدەکات، کە بوونەتە نۆکەری بێگانە و شەڕی براکوژی دەکەن. ئەم ڕەخنەگرتنەی خانیش ململانێ لە نێوان میر و ئەحمەدی خانیدا دروستدەکات تا دواجار وایلێدێت میر هەوڵی لە ناوبردنی خانی و دەرمان خواردکردنی بکات. ' ئەمین وشێخ حسێن.'158: 2018'

جان دۆست لە'میرنامە'دا مەرگی هۆزانڤانی نێودار و ناسراو'ئەحمەدی خانی' بسکردووە لە دیدوتێروانینی چەند کەسێکی جیاوازەوە بۆمان دەگێرێتەوە، هەر لە کتێبفرۆشێکەوە تا حەکیمێک و لە کیمیازانێکی بکوژەوە بۆ مەلایان و شێخان و تەنانەت میریش بەشی خۆی لە گێرانەوە هەیە، تا ڕۆمانەکە نەخوێنیتەوە نازانی ئەو ڕستە شیعرییانە چۆن چۆنی مەستت دەکەن و هەندێجار دەحەپەسێی بەدیار ئەم شاکارەوە، لە دەسپێکی میرنامەدا نوسەر بەجۆرێك پەلکێشی ناو ڕوداوی ڕۆمانەکەت دەکات، ئیدی مەحاڵە لەگەڵ دێڕەکانیدا تەزو بە گیانتدا نەیەت.

جان دۆست لە پێشەکی میرنامەدا دەڵێت: ویستم خانی بژێنمەوە، وەک ئەوەی ئەو قەرزە بدەمەوە، کە هەموو کوردێک قەرزداری وییە، بەهەق من هەستم بە ژیانەوەی 'خانی ' دەکرد و خۆم و تەواوی کورد بە قەرزداری خانی مەزن دەبینییەوە، تۆ چەن مەزن بوی خانی!

ڕۆماننوس بەسۆزەوە عاشق بونی 'خانی 'بە کچی' شێخ زوهدی'، مان بۆ دەگێرێتەوە، کە بۆخانی نابێت، چونکە زوهدی هۆکاری نەدانی کچەکەی بۆ خانی باسدەکات، لەبەر هەژارییە، کە لێرە دا ئەوە باسدەکات، شاعیر ناتوانێ بە شیعر ژن بەخێوبکات، ئەوەندە جوان دەردەدڵی بەزۆر بەشودانی 'شەنگێ'ی کردووە، هەر دەڵێی 'جان' ئەو دەسڕۆکەیەی داوەتە دەستی، تا فرمێسکی دڵی پێ بسڕێت و هەر دەڵێی ئەو دەردە دڵەکەی لە خودی 'شەنگێ' بیستووە، کە ئاگرت لە

sjh@univsul.edu.iq

دەروندەکانەوە کە بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە.

ڕەجەبی بەرگدرووش دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، جان دۆست بەم جۆرە بۆمان دەگێڕێتەوە' کاتێك ڕەجەبی بەرگدروو دوور لەبایەزید کاریدەکرد لەوکاتەدا کچێکی 'بۆسنەیی' کە ناوی 'ئیما'دەبێت، دێت بۆلای وە کەنیزەکیش دەبێت و جل وبەرگی خاوەن ماڵەکە دێنێت بۆ لای مام ڕەجەب، ڕۆژانە ئەمە دووبارە دەبێتەوە، تاوای لێدێت ،کە ڕەجەبی بەرگدروو دەڵێت: خۆم دەبینییەوە کە لە ئەوینی ئەودا نقوومبووم، ئەگەر ڕۆژێك نەهاتبایە بۆ دوکان من دەستم دەرزی نەدەگرت، تەقەڵەکانم لەیەك دووردەکەوتنەوە و گێروگەواڵ دەبوون زووزوو دەزوومکەم دەپچڕا، وەك سەرخۆشم لێ هاتبوو، ئەویش خۆشەویستی خۆی بۆ بەیانکردم، چەند جارێک بهاتایە لە پرمەی گریانی دەدا و دەیگووت:' ئەز بۆ ئەوە نایەم بۆ لات ، تاجلم بۆ بدووری، بەڵکو بۆئەوە دێم، تا درزەکانی ئەم دڵە دارزاوەم بۆ بدووریتەوە' .'جان دۆست: ل:١٣٦-١٣٧ '.

جان دۆست، بەو سیحری نوسینەی واقع و خەیاڵی بەجۆرێك تێکەڵ کردووە، کە مەگەر خوێنەر بە گەڕانەوە بۆ سێ سەد ساڵ لەمەوپێش و شیوەن لەگەڵ تەیموری فاسق و مەلا سمایل و زاریکردن لەگەڵ'شەنگێ'دا چی دیکەی لە دەست نەیەت.

ڕۆمـاننووس، کە 'قەڵای دم دم' باسـدەکات و حەسـرەتی خـانی بـۆ شـای کـوردان و ڕۆڵەی کـورد دەبینیـیەوە، بەدەست خۆت نییە گریان لە قورگت گیردەبێت. هەڵبەت بۆ کەسێك بە خەیاڵ بگەڕێتەوە بۆ دەورانـی خـانی، جـان دۆست بۆمان دەگێرێتەوە، کە خانی زۆر گرنگی بە هەستی نەتەوەیی داوە ، لەسەر ئەم هەستە نیشتمان پەروەریەی تا مـردن لای میری، دژایەتـی دەکرێت. خـانی لە زۆر شـوێنان ئەوە باسـدەکات، کـورد بەهێزە بەڵام نەبـوونی سـەرکردەیەکی بـاش وایکردووە ئێمە دابەشبکرێین یان ببینە نۆکەری تورک و فارس و عەرەب.' با کوردان یەکگرن ، تاکو ڕۆم و عەجەم ببنە خولام و نۆکەریان' .'جان دۆست، 2014 :113 '، لە ڕۆمانەکەدا پەلاماردانی شا عەباسی سەفەوی بۆ سـەر قەڵای دمدم و شــەڕ و کوشـتار و داگیرکردنــی قەڵاکە ڕەنگیـداوەتەوە و دەڵێـت: دوای کوشـت و بـڕی بە هەزاران بەرگریکـاری قەڵا و شکستی میرخانی لەپزێرین، قزڵباشە ستەمکارەکان بە میر خانی چۆلاقیان ناودەبرد, شا دەستی بە سازدانی قەسـابخانەیەکی گەورەکرد. خـان و میـر و پیـاوە مەزنەکـانی موکریـانی بانگهێشتکردوو هەموویـانی لە نزیـك قەڵای گـاودۆل کـۆکردنەوەو کوشتنی 'جـان دۆسـت، 2013:167. 'کەواتـا هەمیشـە هەسـتی نەتەوەیـی دەخەنە پشتدینەوە، زۆربەی شـەڕەکانی دیکەی پێشتر، لەسـەر مەزهەب بـوون، کـورد خـۆی نەهـاتووە، مەزهەبێك دیارییکـات و خـۆی حـاکمی بێـت، هەمیشـە خۆیـان بەرامبەر تـورک و عەرەب و فـارس بچـووک نیشـانداوە، ئەوەنـدەی کـورد کەسـانی لێهـاتووی هەیە، بێـت و گرنگیـان پـێ بدرێت،هاوشێوەیان لەناو هیچ میللەتێکدا نییە، ئاشکرایە کورد هەمیشە ئازا و بەجەرگبووە...

جان دۆست ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوە، کە چۆن گەنجان فریودەدران تاببن بەسەربازی لەشکری تورک، جارێک بەناوی جیهادی گاوران و جارێک بەناوی جیهادی عەجەمانەوە دەکرێنە قوربانی لە یەکێک لە لەشکری تورکیا بۆ ڤییەنا لە پاش تێکشکاندنیان، سەرجەم فەرماندەکان لەپێش هێزەکەوە ڕادەکەن، لەوکاتەدا سەربازەکان تێدەگەن ئەوەی ڕوویدا، نەک هەر جیهاد نەبوو، بەڵکو شەڕی پلەوپۆست و دەستکەوتبوو،

لەبەشێکی دیکەدا ڕۆماننووس بۆماندەگێرێتەوە، کە لەنێوان لەشکری عوسمانی و عەجەمەکان شەڕ ڕوودەدات، کە کوژراو و بکوژ هەردووکی هەر ڕۆڵەی گەلی کوردبوون، لەم شەڕەدا ڕووبەڕووبونەوەیەک ڕوودەدات لە نێوان دوو گەنجی کورددا، کە هەر یەکێکیان لایەنێکی شەڕەکە بوون گەنجەکەی لەشکری عەجەمان تەنیا کەمێک بە کوردییەکی جیاواز قسەدەکات، لەلایەن گەنجە هاونەتەوە و دین زمانەکەیەوە دەکوژرێت، دواجار ئەم ناکۆکییە تائێستاش بەردەوامەوە،

هەردەم مێژووی پڕ لەئازار خۆی دووبارەدەکاتەوە، هەمیشە کورد بووەتە قوربانی ململانێی زلهێزەکانی ناوچەکە و جیهان، چونکە خۆی لە کەمترین ڕووداوەکانی مێژوو سود وەرناگرێت.' ئەمین، شێخ حسێن.'2018:179'

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس بۆمان دەگێڕێتەوە، کە خانی زۆر بە چاوی ڕێزەوە گفتوگۆی لەگەڵ کەسێکی مەینۆشی وەک تەیموری فاسق کردووە، کە هەردەم سەرقاڵی خواردنەوەی مەی بووە و ئەحمەدی خانی لەمەڕ بابەتەکانی ژیان و مردن لێی دەپرسێت ژیان و مردن چۆن دەبینیت؟ تەیموری فاسق دەڵێت ژیان وەک سەرخۆشییەکی دوورودرێژ دەبینم، مردن وەک ڕاموونێک دەبینم، مەیش بە کلیلی زەمانە دەبینم، کەواتا پێی وابووە، کە مەی زمان دەپرژێنێت، هەرچی لە ناخی مرۆڤ دابوو دەتوانێت بیدرکێنێت، خانی زۆر بەڕێزەوە لەگەڵ ئاینەکانی دیکە قسەیکردوە کاتێک زەنگی کڵێساکان لێدەدا، خانی بە هاوەڵەکەی دەگووت گوێبگرن بزانن خودا بە چەندجۆر زمان بەندەکانی خۆی بانگدەکات. خانی بەگەرمی گوێی لێ دەگرت و پرسیاری ساتی مەستیی لێ دەپرسی، خانی تەیموری وەک رۆحێکی دژ بەو دونیایە دەبینی:

ئەحمەدی خانی بۆ تەیموری مەیخۆر:

ژیان چییە؟

تەیموری مەیخۆر:

ژیان سەرخۆشیەکی دور و درێژە 'میرنامە ل٣٣'.

فەزای ڕۆمانەکە زۆرنایابە دەیان چیرۆکی بەتام دێتەڕێت، هەستی بەردەوامی خوێندنەوە هەمیشە ئەتبزوێنێت، چونکە بە تەکنیکێکی زۆرنایاب نوسراوە و گرێدانی ڕووداو و کارەکتەرەکان زۆر بە لۆژیک کراوە، بە ئاشکرا هەستدەکەیت، کە نوسەر زۆر بەسەلیقەوە ئەم بەرهەمەی خولقاندووە و بە جوانی ڕۆچووەتە ناو ناوەڕۆک و پەیامی سەرەکی ڕۆمانەکە.

جان دۆست لە فەزایەکی سۆفی گەریدا ڕابردووی خۆمانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەلۆژیکەوە باسی خەمی هەمیشەیی زانا و ڕۆشنبیرەکانی کورددەکات، لە بەرامبەر فەرمانڕەوا و سەرۆک و دەسەڵاتدارەکان، کە هەمیشە شێری ماڵەوە ڕێوی دەرەوەبوون، 'جان دۆست' لە گێڕانەوەکەیدا پێمان دەڵێت، کە هەر لە دێرزەمانەوە سەرۆکەکانی کورد هەمیشە لەبەرامبەر بێگانەدا ملکەچ بوون و لە پێناوی کورسی و ساماندا، دەیانجار چانسی سەربەخۆ بوون هاتووەتە پێشەوە، بەڵام ئەوان خۆیان لێ دزیوەتەوەو بە پاساوی جۆراوجۆر لەڕاستیدا ئەم گرفتە، هەتا ئێستاش بەردەوامی هەیە. 'لە دێرزەمانەوە سەرکردەکانی کورد دژی ئەوە بوون خەڵکی هوشیاربێت و ویستوویانە هاوڵاتی وەکو کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بخەسێرێن لەبەردەم میر و فەرمانڕەواکان' بەرواری'٢٠١٩:٢٤.'

ئەحمەدی خانی هەمیشە ئامۆژگاری میرە کوردەکانی کردووە،کەیەکبگرن ودژی داگیرکەر بجەنگن، نەك سیقە ومتمانە بە تورکان بکەن 'چەند جارم بە میر گوت باوەڕ بەتورکان مەکە، چەندجارم پێگوت لەسەر ڕێگەی میر محەمەدی میری سەرحەدان بڕۆ، دەست نێ ناو دەستی، بەگوێی نەکردم ئەوەتا بەچاوی خۆتان بینیتان چی بەسەر هات ' جان دۆست: 163 : 2017 '. ئەم ئامۆژگاریانەی خانی ڕۆڵ و پێگەی ئەو دەردەخەن، کە لەو سەردەمەدا توانیویەتی زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی بە میرەکان بڵێت .کەئەوەش نیشانەی بەهێزی کەسێتی خانی دەردەخات .بەاڵم خانی کاتێك دەزانێت ئیدی ڕاوێژەکانی نابنە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی میرەکان بڕیاری دورکەوتنەوەیان لێدەدات و ئیدی دوای چەندین داواکاری میر، ناگەڕێتەوە بۆ دیوانی میر بەاڵم پێیان دەڵێت، ئەنجامی ئەم یەك نەگرتنەتان لە ناوچوونی خۆتانە 'ئاگر گەیشتە جێی میراتیش.ئێوەش ئەی میرەکان پەند وەرناگرن و دەبنە براکوشتەی یەکدی .ئاسودەیی خەڵکتان بەالوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە هەر یەکەتان بە پشتیوانی تورکان چەقۆ لە ملی یەکتر بسوون،مزگێنیتان دەدەمێ بەم زوانە خۆری

sjh@univsul.edu.iq

دەوڵەتتان بەرەو ئاوابوون دەچێت'. ' جان دۆست: 164: 2017' واتە خانی وەك ڕاوێژكارێك و خەمخۆرێكی نەتەوەكەی كاریكردووە، نەك تەنها قسەی خۆی بكات و گوێ بە دەرئەنجامی ڕاوێژەكانی نەكات، چونكە ئەمیش خۆی لەئاستی بەرپرسیارێتیەكی گەورەدا دەبینێتەوە، خۆی هیچ پێ كەمتر نییە، لە میر و دەسەڵاتدارانی ناو كۆشكەكەكان، بگرە خۆی پێ زیاتریشە لەئەوان."ئەو فەرمان ڕەوایە، بەڵێ: منیش زانام، من دەنگی ئەو خەڵكەم، ئەگەر میر گوێ لەو دەنگە نەگرێت ئەوا دەبێتە فیرعەونێكی نوێ، ئەو زانایەنی خودای خۆیان دەناسن، سڵ لە میران ناكەنەوە' جان دۆست:165: '2017

پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر بە درێژای مێژوو بابەتێكی گرنگبووە لە جیهاندا، جان دۆست لە گێرانەوەكەیدا پێمان دەڵێت هەردەم دەسەڵاتی حكومڕان هەوڵێداوە ڕۆشنبیران و خاوەن خامەكان بكات بە بەشێک لە خۆی، بۆئەوەی كەموكورتی دەسەڵاتەكەی بشارێتەوەو نەبنەبەشێک لەدەنگی نارەزای.

لایەنێكی دیكەی ئەم ڕۆمانە تێڕوانینی كۆمەڵگایە بۆ كتێب و زانست، جان دۆست ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوە، كە خانی ڕەخنەی توند دەگرێت، چونكە هیچ نرخێک بۆ كتێب دانانرێت و زانست پەراوێزخراوە، هەربۆیە خانی دەڵێت " واڵتێك ناڵی كەری لەكتێب زیاتر تێدا بفرۆشرێت، ئەوە شارێكە تووك و نەفرەتی خوا لێیداوە، دەبێت خەڵكەكەی ناڵ بكرێ، نەك سمی گوێدرێژەكان " میرنامە: 177 :2017"

خانی پێیوایە وڵاتێک نرخی كتێب نەزانێت مێش و مەگەزەكان دەبنە پێشەوای خەڵك، ئەو هاوارەی كە خانی پێش سێ سەدە كردوویەتی بۆ كوردان ئێستاش هەر پێویستە، چونكە تەنیا كات و شوێن و پێویستییەكان گۆڕاون، ئەگینا دۆخی ڕۆشنبیری خەڵک هەر وەک خۆیەتی، نرخی زانست كەمە و بە چاوی كەم سەیری كتێب دەكرێت' بەرواری'٢٠١٩:٢٥ .'

خانی هێندە هەقبێژ بووە لەسەرە مەرگیدا نامەیەک بۆ میر دەنووسێت و هەرچی پێشتر پێی گوتووە دووپاتی دەكاتەوە. ''ئەی میر لەو ڕۆژەوەی تۆ میرایەتیت بە چوار هەزار . . . ئەز دەركم بەوە كردبوو تۆ لایەقی تەختی میرێتیی سەرحەدان نییت.'' (لاپەڕە ٢٣٧). نموونەی هەقبێژی وەک چارەسەر لە تاقیگەكەی جان دۆستدا زۆرن، بۆ خوێنەریان جێ دەهێڵم.

كاتێك كە لە خوێندنەوەی میرنامە دەبیتەوە كۆڵێك خەم داتدەگرێت. ئاخر ڕووداوی لەدەستدانی خانی و نامەی ئەو بۆ میری بایەزید، بەجۆرێك بۆ ناو ڕووداوەكان پەلكێشت دەكات، خۆت لە بێئاگایی وەک سیحرت لێ كرابێت، بۆ كاتی نووسینی ڕووداوەكان دەگەڕێیتەوە.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی دووەم
## ڕێگاکانی گێڕانەوە لەڕۆمانی میرنامەدا

### تەوەری یەکەم : گێڕانەوە لە ڕێگای وەسفکردن:

وەسفکردن شانبەشانی تەکنیکەکانی دیکەی گێڕانەوە بەشداریەکی گرنگ لە دارشتنی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات، کە بینای هونەری دەقی ڕۆمان پێکدەهێنن، وەسفکردن وەک هونەرێک 'پیشاندانی ئەو کردار و حاڵەت و شێوازە جیاوازانەیە، کە پەیوەستن بە کەسەکان و شوێنەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، کە بەهەموویانەوە لە گێڕانەوەی دەقەکەدا بەشدارن، هەروەها وەسفکردنی کارەکان و شتەکانە و بەسەر دەقی گێڕانەوەدا دابەشکراوە'.

مەبەستی ڕاستەقینە لە وەسفکردن، چەسپاندنی ئەو دیمەنانەیە لە بیروهۆشی خوێنەردا، کە لە چیرۆکەکەدا بایەخیان هەیە، وەک وەسفکردنی ئەو شوێنەی دەبێتە شانۆی کارەسات و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، یان دیمەنێکی ئەوتۆ، کە کارێکی گەورە بکاتەسەر ئەنجامەکەی' ' سابیر، 2002،100.

دەگمەنە ڕۆمانێک هەبێت وەسفی تێدا نەبێت بەڕادەیەک 'جیاکردنەوەی وەسف لە گێڕانەوە کارێکی هێندە ئاسان نییە. ئەم دوو پرۆسەیە تێکەڵ و ئاوێتەی یەکترن، لەبەرئەوە هەرگیز ناکرێت ڕۆمانێک بنووسرێت گێڕانەوە و وەسفی تێدانەبێت و بەکارێکی سەرکەوتوو دابنرێت. تەنانەت ڕۆمانی بێ وەسف ئەگەر هەبێت، لە کارێکی بێ کەڵک دەچێت، چونکە تاموچێژی تێدانابێت' ' ئەڵوەنی، 2011: 101'. دەتوانین چەند پارچەیەکی وەسفمان دەستبکەوێت جودا لە گێڕانەوە، بەڵام گێڕانەوە بەبێ وەسفکردن مانایەکی پوخت بەدەستەوە نادات، هەروەها ڕۆمان بەبێ وەسف نابێت، بۆمان ئاسانە، کە وەسف ببینین بەبێ گێڕانەوە، بەڵام ناکرێت گێڕانەوە ببینین بەبێ وەسف.

گێڕانەوە و وەسفکردن زۆرجار، بەڕادەیەک تێکەڵ بەیەکتردەبن، کە دەتوانرێت ناوی لێبنرێت وێنەی گێڕانەوە، کە شتەکان لە حاڵەتی جوڵانەوە پیشاندەدات، کەچی وێنەی وەسفی شتەکان لە حاڵەتی نەبزواندا پیشاندەدات.

## جۆرەکانی وەسفکردن لەڕۆمانی میرنامەدا

### یەکەم: وەسفی شوێن:

ڕەگەزێکی گرنگی بینای دەقی ڕۆمان شوێنە، کە گرنگی خۆی هەیە لە بنیاتنانی ئەو بینایەدا هەر ئەمەشە وایکردووە لەلای نووسەری ڕۆمان گرنگیەکی تایبەتی پێبدرێت و نەتوانێت دەستبەرداری بێت، کاتێک شوێنێک هەبێت و کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە هەڵسوکەوتی تێدابکەن پێویستدەکات ئەو شوێنە وەسف بکرێت و خوێنەر پێی ئاشنابێت، هەر 'لەڕێی وەسفی شوێنەوە دەکرێت، ژیان و گوزەران ، دابونەریت ، باری ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، فکری و دەروونی و ...هتد. کارەکتەرەکان وەسفبکرێت، هەروەها دەکرێت وێنەکانی ژیانی ڕابردوو و ئێستای ئەوان بخرێتە بەرچاو' ' ئەڵوەنی،2011 :122'.

شوێن و کەسێتی زۆر بە یەکدیەوە پەیوەستن، بۆیە لەڕۆماندا وەسفکردنی شوێن، وەسفکردنی ئەو ڕووبەر و پانتاییەیە، کە کەسێتییەکان تێیدان و جووڵە و هەڵسوکەوتەکانیانی تێدائەنجامدەدەن، واتە دەبێت بەشێوەیەک شوێن وەسف بکرێت، کە خوێنەر بتوانێت لە ڕێگەیەوە بە کەسێتییەکان ئاشنابێت'

لێرەدا چەند نموونەیەکی وەسفی شوێن وەردەگرین، کاتێک، کە ڕەجەبی بەرگدروو لە بایەزیدەوە بۆ ئاستانە دەڕوات، کە دەچێتە ناو شارەکەوە و گەورەیی و شلوغی ئەو شارە دەبینێت بەمجۆرە وەسفی دەکات و دەڵێت: 'شارێک بوو لە هەموو جۆرە خەڵک و میللەتێکی تێدابوو، لەشەقامەکانیدا تەنانەت قوڵەڕەشیش دەسوڕانەوە، لە جادە ڕازاوە پڕ

sjh@univsul.edu.iq

درەختەکاندا، قەڵەندەر و دەروێش و ئاغا و بەگزادە و مەلا و سۆفی و سەربازی سەربەخودە و ڕم و مەتاڵ بەدەست دەبینین، کۆشکی سوڵتان، کە لە کەناری دەریا چێ کرابوو، لە شەودا دەتگووت بۆڵە ڕۆشناییە دەدرەوشێتەوە... ' 'جان دۆست، 2014: 126).

ڕەجەبی بەرگدروو، چونکە هەر لە بایەزید ژیاوە و بایەزیدیش شارێکی هێندە گەورە نەبووە، کاتێک دەچێتە ئەستانە زۆر شتی زیاتر دەبینێت و ئەمجۆرە وەسفەی لێ بەرهەمدێت، هەر لەم جۆرە وەسفەدا گێڕەرەوە یان ڕۆماننووس ویستوویەتی بۆماوەیەک کاتی ڕوودانی کارەکان لەناودەقدا خاوبکاتەوە، یان بیان وەستێنێت. لەشوێنێکی دیکەدا بەبیانووی ئەوەی ئۆمەری خەزنەدار لەهەموو شوێنێک خۆشەویستی ئەحمەدی خانی بۆ شەنگ باسکردووە، حاجی زوهدی باوکی شەنگێ دەیەوێت بەفێڵ بە ئۆمەر بڵێت بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ بەدلیس، بۆ زێدی خۆت، ئۆمەریش بە وەسفکردنی بەدلیس وەڵامی حاجی زوهدی بازرگان دەداتەوە و دەڵێت: 'ئەگەر بگەڕێمەوە بەدلیس بێ ئەوەی قەڵاکەی، مەیدانی شین، دووکەڵی بڵندبووی گەرماوەکانی، ئەو بەفرەی زستانان درەختەکانی دەڕازێنێتەوە ببینم، گوارە و خەزێم و بازن و پاوان و ئەو خشڵانەی بە قەدی کیژەکانیەوەن، کە دەڵێی کارمامزن دەزرنگێنەوە، هەروەها بەبێ ئەوەی خۆری بەدلیس ببینم، کە لەلای شاری وانەوە هەڵدێت، ئیدی بۆچی بگەڕێمەوە... ' 'هەمان سەرچاوە، ل٦٨'.

ئۆمەر وەک لە وەسفەکەدا دەردەکەوێت کەسێکی نابینایە، بەڵام ئەم نابینایییەی زگماکی نییە، بەڵکو بەهۆی ڕووداوێکەوە کوێربووە، ئۆمەر لەڕێگەی ئەم وەسفەوە بەدلیسمان پێ دەناسێنێت، وەسفی شاری بەدلیس دەکات، پێش ئەوەی بینایی لەدەست بدات، وەسفەکەی ئۆمەریش بۆ بەدلیس خۆی لە چوارچێوەی خاوکردنەوە و دواخستنی ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە.

### دووەم: وەسفی کارەکتەر:

ئاشکرایە، کارەکتەر ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆمانە و ڕووداوەکانی ژیان و چارەنووس و بیروبۆچوونەکانی ئەو باسدەکەن، کارەکتەرەکان لەنێودەقدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینین، بۆیە 'وەسفکردنیان پرۆسەیەکی زۆر گرنگی بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنێت' 'ئەڵوەنی، 2011:102'. وەسفکردنی کارەکتەر لە ڕۆمانی کۆندا بایەخی خۆی هەیە، 'ڕۆماننووس پێش ئەوەی کارەکتەرێکی تازە بهێنێتە ناو ڕووداوەکانەوە ڕێڕەوی گێڕانەوە ڕادەگرێت و وەسفی جەستە و کورتەیەک لە ژیانی کارەکتەرەکە دەکات، هەروەها جلوبەرگیش نیشانەیەکی باشبووە، بۆ دەرخستنی چین و ئاستی ژیانی' ' ئیبراهیم، 2015:117-118'.

لە ڕۆمانی نوێدا، بەشێوەیەکی دیکە وەسفی کارەکتەر کراوە و 'کێشانی وێنەی کارەکتەر پەیوەندی بە لێهاتوویی نووسەرەوە هەیە، کە تەنها بە وەسفێکی ڕووکەشی کارەکتەرەکان ناوەستێت، بەڵکو ئاماژە بەهەندێك تایبەتمەندی هاوبەش لەنێوان ڕەگەزی مرۆڤدا دەکات، بۆیە وەسفی کارەکتەر بەوە دیاریکراوە، کە وتارێکی کورتە و وەسفی تایبەتمەندێتی ئەو دەکات، کە هەر نموونەیەکی کۆمەڵایەتی پێ دەناسرێتەوە' 'سەعید،2009 :135'.

دیارە وەسفکردنی کارەکتەر و ئەو ژینگەیەی تێیدادەژیت لەهەر ڕۆمانێکدا گرنگی بۆ خوێنەر هەیە، خوێنەر هەمیشە حەزدەکات ئەو کارەکتەرانە بناسێت، کە لە پشت ڕووداوەکانەوە هەن، چونکە ئەگەر خوێنەر کارەکتەرێک باش نەناسێت و لێی تێنەگات، ئەوا ناشتوانێت وێنەیەکی دروستی بکات و بەرجەستەی بکات، واتە خوێنەر دەیەوێت وێنەیەک بۆ کارەکتەر و کارەکانی بکێشێت و لەهەمان کاتیشدا کارەکتەرەکە بدوێنێت و قسەی لەگەڵدا بکات. لە 'میرنامە' دا چەند وەسفێکی کارەکتەر و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانیان وەردەگرین، کە لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە.

sjh@univsul.edu.iq

شەنگێ دوای ئەوەی باوکی پیاوماقوڵان و زانایانی شار بانگهێشتدەکات بۆماڵەوە، ئەحمەدی خانیش لەگەڵ ئەواندا دەبێت، کاتێک شەنگێ ئەحمەدی خانی دەبینێت، بەمشێوەیە وەسفیدەکات:

'هێشتا بۆنی کەواکەی بە لووتم دادێت. دەنگی هێند نەرم بوو واتدەزانی بەرۆنی خۆمانە چەورکراوە، ڕووی هێندە گەشبوو، دەتگووت ڕۆژی ژن هێنانییەتی' 'جان دۆست، 2014: 63'.

شەنگێ لێرەدا بەشێوەیەک کارەکتەرەکە وەسفدەکات، کە بەتەواوەتی ڕووداوەکان خاودەکاتەوەو سستییەکیش بەکاتی گێڕانەوەکە دەبەخشێت، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا ڕەجەبی بەرگدروو ئەو کچە بۆسنەییە وەسفدەکات، کە هەمووجار بۆ دوکانەکەی هاتووە: من تەنیا دوو چاوە کەسکەکانیم دەبینین، کە دەتگووت بەردی زەبەرجەندە، وێڕای ئەوەی کەنیزە بوو، ڕووی بە ڕووپۆش شاردبووەوە. کچێکی تا بڵێی جوان و قەشەنگ بوو، فریشتەیەک بوو بۆنی عەنبەر و بەهەشتی لێدەهات. پێشتر لە بایەزید کچی نازدار و چاوشینی وام نەدیتبوو. لێرەدا ڕەجەب ئەو کچەمان بۆ وەسفدەکات، کە سەردانی دوکانەکەی کردووە و پاشان بە فێڵ هەڵیدەخەڵەتێنێت و هەرچی پارەی دوکانەکەی هەیە دەیدزێت و دەڕوات، ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا گێڕەرەوە تەنیا دیوی دەرەوەی کارەکتەرەکەمان بۆ باسدەکات، دیوی ناوەوەی بۆ گێڕەرەوە گرنگ نەبووە و هیچ ئاماژەیەکی پێنەداوە، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا میر وەسفی ئەو کچە گورجیە دەکات، کە کرِیویەتی، دەڵێت: 'کەپووی ئەڵماسێکی گرانبەهایە و کوڵمەکانی گوڵزاری مێخەکن، ددانەکانی گەوهەری ئەسکەندەریەن و پشتی قورئانێکە هێشتا کەس نەیخوێندووەتەوە، بسکەکانی چەپکە ڕێحانە و وەنەوشەن. برۆیەکانی مانگی یەکشەوەن، یان کەوانی ڕۆستەمن ' (هەمان سەرچاوە:271). لەم وەسفەدا بەهەموو شێوەیەک دەردەکەوێت، کە کاتی گێڕانەوە بەتەواوەتی سست و لاوازکراوە، کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان بەتەواوەتی ڕاوەستاوە، گێڕانەوە تەواو لە تەکنیکی وەسفدا تواوەتەوە، بەڕوونی وێنەی وەسفی هەستی پێدەکرێت.

### تەوەرەی دووەم: گێڕانەوە لە ڕێگای دایەلۆگ:

دایەلۆگ وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لەنێو دەقی گێڕانەوەدا بریتییە لە گفتوگۆی نێوان دووکەس یان زیاتر، کارەکتەرەکان لەنێوان خۆیاندا وشە و دەستەواژەکان ئاڵوگۆڕپێدەکەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئێمە لە ڕێگەی دایەلۆگەکانەوە بە کارەکتەرەکان ئاشنادەبین، 'نووسەر لەڕێگەی دایەلۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری و ئاینی کارەکتەرمان پێبناسێنێت' ' شێخ محمد :2009 220'.

دایەلۆگ 'ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەرەوپێشچوونی ڕووداو و ڕوونکردنەوەی مانا و مەبەستە شاراوەکان و کردنەوەی کۆدە نەزانراوەکانی نێودەق، لە دایەلۆگدا کارەکتەرەکان سەربەستییەک وەردەگرن بۆئەوەی خۆیان بە خوێنەر بناسێنن'. ' ئەڵوەنی ': ٢٠١٧:١٤٧ '. لەنێوان دایەلۆگ و گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی پتەو بوونی هەیە، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین دایەلۆگ دەتوانێت ببێت بە تەواوکەری گێڕانەوە، بەڕادەیەک دایەلۆگ بە کارانێک هەڵدەستێت کە گێڕانەوە پێی هەڵناستێت، لە گێڕانەوەدا شتانێک هەیە، کە بە گێڕانەوەی ئاسایی بەڕێکوپێکی ناتوانین باسیان بکەین.

### لە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا دوو جۆر دایەلۆگ دەستنیشان دەکەین:

#### 1) دایەلۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەمجۆرە دایەلۆگە بە بەشداری دوو کارەکتەر یان زیاتر دەبێت 'لەمجۆرە دایەلۆگەدا جێناوی لکاوی 'م' و جێناوی جودای 'من' کە دوو جێناوی جیاوازی کەسی یەکەمی تاکن، دەوری سەرەکیان هەیە لەوەی، کە دایەلۆگەکە ببێتە دایەلۆگێکی ڕاستەوخۆ' علی،2009: 48'.

لەم جۆرە دایەلۆگەدا دەبینین، کە قسەکەر ڕاستەوخۆ بۆ وەرگرێکی ڕاستەوخۆ قسەدەکات' مستەفا، ۲۰۱۰:۱۹۱'.ڕۆماننووس لە ڕۆمانی 'میرنامە' دا لە چەندین شوێندا تەکنیکی دایەلۆگی بەکارهێناوە بۆ نموونە کاتێک خانی پرسیار لە تەیموری فاسق دەکات، مەی چی لە مرۆڤ دەکات، لێرەوە دایەلۆگێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەم دوو کارەکتەرەدا دەبینین، کاتێک خانی دەڵێت:

'تەمۆ، بێژە من، مەی چیت لێ دەکات؟....

- سەیدا مەی کلیلی زمانە.
- ڕوونتر بدوێ.
- ئەو دەمی ئەز مەی دەنۆشم، دەرکە لەسەر ئاگری هەناوم واڵا دەبێت. ' 'جان دۆست :32-33'.

لێرەدا دەبینین بەهۆی جێناوی سەربەخۆی 'من' و جێناوی لکاوی 'م'ەوە دایەلۆگی ڕاستەوخۆ هاتۆتە ئاراوە و هەستدەکرێت کارەکتەرەکان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە، هەروەها هەست بە کپبوونەوەی دەنگی گێڕەرەوە دەکرێت، بەپێی ئەو دایەلۆگەی کە لەنێوان کارەکتەرەکاندا دەکرێت هەڵسوکەوت و کردار و بیروبۆچوون و ئاین و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە هەروەک لەم دایەلۆگەدا، کە لەنێوان شەمسۆی قەواڵ و خێزانەکەیدایە، کاتێک خانی کۆچی دوایی دەکات و مەلای مزگەوتەکەش ئاگاداری بەشاردا بڵاودەکاتەوە، موسڵمانان وەرن بۆ نوێژی مردوو، خێزانەکەی شەمسۆ دەڵێت:

'- شەمسۆ ئەوە بۆ کوێ؟

- لەگەڵ تەرمەکەیدا دەڕۆم.
- وییی! گوێیەکانت چاڵن یان کونت کردوون؟ گوێت لێ نییە، کابرا تەنیا گازی ئۆمەتی موسلمانان دەکات؟...
- کچێ ئافرەت، ئەمە ئەحمەدی خانییە، نەک کەسێکی دی، من چیم لە بانگەوازی ئەو مەلایە داوە! ' جان دۆست، ۲۳٤:'.

بەهۆی ئەم دایەلۆگەوە ئێمە لە ئاینی کارەکتەرەکان و هەڵوێستی ئەوان لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا دەزانین و شارەزاییمان لەبارەی کارەکتەرەکانەوە دەستدەکەوێت، هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین، کە کارەکتەرەکان بەوپەڕی ئازادییەوە لەبارەی خۆیانەوە دەدوێن، گێڕەرەوە لێرەدا خۆیانن.

### 2) دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ:

گێڕەرەوە لە دایەلۆگی ناڕاستەوخۆدا لەڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی نادیاری 'ئەو' بیرورِا و هەڵوێست و کرداری کەسایەتییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەواتە لێرەدا 'ڕۆماننووس گێڕەرەوەیە و لەڕێی ئەوەوە دایەلۆگی نێوان کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە پێشکەشدەکرێت بە بەکارهێنانی چەند وشە و دەستەواژەیەک، وەک 'گوتت، گوتی، وتی، گوتیان، پرسی...هتد' یان ڕۆماننووس یەکسەر هەردوو جێناوی 'تۆ ، ئەو' بەکاردەهێنیت' 'خدر، ۲۰۱۲: ۱٥۹-۱٦۰'.

لەمجۆرە دایەلۆگەدا گێڕەرەوە ڕووداوی ڕابردوومان لە ئێستای گێرانەوەدا بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەبێتەهۆی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کارەکتەرەکان لەئاستی ڕووداوەکاندا و چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان، چونکە مەبەستی ڕۆماننووس لەمجۆرە دایەلۆگە 'گفتوگۆی ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکەکەیەتی' 'مستەفا: ۲۰۱۰ :۱۹۸'.

sjh@univsul.edu.iq

نموونەی دایەلۆگی ناڕاستەوخۆش لە ڕۆمانی 'میرنامە'دا دەبینرێت، کاتێک ئەحمەدی خانی دەچێت بۆ دووکانەکەی سەلاحەدینی سەحاف، لەکاتی تەماشاکردنی کتێبەڕیزکراوەکانی سەرڕەفەکە، زەرەی گوێدرێژێک کە لەولاوە ناڵ دەکرا بەرزدەبێتەوە، سەلاحەدینی سەحاف دەگێڕێتەوە، خانی بە کەسەرەوە هەناسەی هەڵکێشا و گووتی:

'سەلاحەدین، وڵاتێک ناڵی کەری لە کتێب زۆرتر تێدا بفرۆشرێت، ئەوە شارێکە تووک و نەفرەتی خودا لێیداوە، دەبێت پێی خەڵکەکەی ناڵبکرێت، نەک سمی گوێدرێژەکانی... ' 'جان دۆست: 208'. ئەگەر سەرنجبدەین لێرەدا هەست بە دەنگی گێڕەرەوە دەکەین، کە ڕووداوەکانمان بۆدەگێڕێتەوە، هەروەها هەست بەوەش دەکەین، کە ئاگاداری هەڵوێست و بیروبۆچوونی کارەکتەرەکانە. نووسەر دەتوانێت بە سانایی خۆی بخزێنێتە نێو بیری کارەکتەرەکانەوە، هەرچی بە زەینی ئەواندا دێت و دەچێت بۆ ئێمەی باسبکات، بەهۆی ئەمەشەوە بە بیروکردەی کارەکتەرەکان ئاشنادەبین.

کاتێک، کە شەنگێی خۆشەویستی خانی بەشوودەدرێت، دڵی خانی وەک پووشوپەڵاش ئاگردەگرێت، بەهۆی ئەو فرمێسکانەی بەدەم نووسینی مەموزینەوە دەیڕشتن، ئاگرەکەی کپدەکردەوە، مەلا سمایلی بایەزید دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

' شەوێکی بەهاری پێمگووت:

- بۆچی نیوەی ئاینی خۆت تەواو ناکەیت و ژن بهێنیت؟
- وەکو درەختێک بای پایز بیهەژێنێت، گووتی:
- شەنگێ هەموو ئاینی من بوو. ئەوینی پاکی خۆم بە ژنهێنانێکی سووکەوە نافەوتێنم... '.'جان دۆست: 242'.

لێرەدا بەهۆی ئەم دایەلۆگەوە هەڵوێستی خانیمان بۆ ڕووندەبێتەوە، دوای ئەوەی خۆشەویستەکەی بەشوودەدرێت، هەم شەنگێ و هەم خانیش دەکەونە نێو حاڵەتێکی دەروونی سەختەوە و هەر لەبەرئەمەشە کە خانی بڕیار دەدات ئیتر هاوسەرگیری نەکات و ژن نەهێنێت، پاشان هەر بە خۆشەویستی شەنگێشەوە سەردەنێتەوە و تا مردن ژن ناهێنێت.

### تەوەرەی سێیەم: گێڕانەوە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ:

مۆنۆلۆگ ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوەیە، بەمەبەستی پیشاندانی دیوی ناوەوەی کەسایەتییەکان بەکاردەهێنرێت، واتو کاتێک کەسایەتییەک مۆنۆلۆگ دەکات، هەر خۆی گوێگر و قسەکەریشە، مۆنۆلۆگ ئەوجۆرە تەکنیکەیە، کە باری دەروونی کەسەکان و کردارە سایکۆلۆژییەکانی پێشکەشدەکات، پێش ئەوەی ئەو کردار و بارانە لە دەروونی کەسەکەدا گەشەبکات و پاشان لە واقیعدا بە مەبەست قسەی لەسەربکرێت، کارەکتەر لەوکاتەی لە چوارچێوەی جیهانێکی ناوەکی و داخراودایە زیاتر پەنا دەباتە بەر مۆنۆلۆگ ، بۆیە مۆنۆلۆگ 'لەو ساتانەدا لە دەروونی کارەکتەر سەرهەڵدەدەن، کە لە ساتەوەختێکی بەتاڵی، یاخود سەرنجدان و تەئکیدکردنەوەیەتی لەئاستی بابەتێکی دیاریکراودا، ئەمەشدەبێتە هۆی تێکەڵاوکردنی کاتەکان لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، کارەکتەر هەرجارەی بەسەر کاتێکدا دەچێتەوە، کە تەنیا مەبەستی لێدانەوەی بیروبۆچوونەکانیەتی بەبێ گوێدان بەم تێکەڵبوونە' 'مستەفا،2010 :207'. لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە خوێنەر ئاشنای لایەنە شاراوەکانی کارەکتەر دەبێت، هەندێکجار کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانیش بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە، بەمشێوەیە: 'مۆنۆلۆگ یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی وێنەکێشانی بارودۆخی کارەکتەر ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕووداوەکـانیشدا دەگێڕێت، هەروەها مۆنۆلۆگ بەپێچەوانەوە پێویستی بە وەڵامدانەوەی خێرای هیچ یەکێ نییە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ دوور لەکارێکی گوێگر بەڕێوەدەچێت"عەلی،٢٠٠٩: ٦١ '

sjh@univsul.edu.iq

لە گێرانەوەی ئەم ڕۆمانەدا دوو جۆر مۆنۆلۆگ دەستنیشان دەكەین:

**1) مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:**

ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە 'كە كەسایەتییەكە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت، بەبێ بەشداری كردنی نووسەر و نەبوونی هیچ گوێگرێک 'خوێنەرێک' و گێرەرەوەیەكیش. لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ڕۆماننووس جێناوی كەسی یەكەمی تاكی 'من'ی قسەكەر بەكاردەهێنێت' ' خدر، ٢٠١٢: ١٧٨'. لەبەرئەمەشە ئێمە وا هەستدەكەین كەسایەتیەكە خۆی دەستیكردووە بە دووان و كەسێک نەیهێناوەتە قسە، بۆیە ئەو جۆرەیە، كە بایەخ بە وجودی نووسەر نادات، وەهاشی دادەنێت كە هیچ گوێگرێک لە ئارادا نییە لە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا ڕەنگی نووسەر بەرەو كاڵبوونەوە دەچێت، 'بۆیە كارەكتەر، تا ڕادەیەک ڕەهایە لە گوزارشتكردنی بیروبۆچوونەكانی دوور لـەدەستتێوەردانی گێڕەرەوە' ' مستەفا، ٢٠١٠ : ٢٠٨.

وێنەی ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە لە ڕۆمانی'میرنامە'دا بەرچاودەكەوێت، كاتێک ڕەجەبی بەرگدروو بڕیاردەدات بایەزید بەجێبهێڵێت و ڕوو لە ئەستەمبوڵ بكات، كاروانەكەیان دەگاتە ئەستەمبوڵ، ڕەجەب بە جلی دڕاو و بێ پارەییەوە دەچێتە ئەوێ، شاری سوڵتانەكان و كۆشک و سەرای مەزن دەبینێت، لەدڵی خۆیدا دەڵێت: 'دەبمە بەرگدروویەكی بەناوبانگ، ئەگەر نەبمە بەرگدرووی سوڵتان و دەوروبەرەكەی، ئەوا لە یەكێک لە گەڕەكەكاندا كاردەكەم و جلی ئەفەندیان دەدرووم' 'جان دۆست: 230'. لێرەدا هەست بە نزمبوونەوەی دەنگی گێرەرەوە دەكەین، ئەوەش بەدی دەكەین، كە كارەكتەر سەربەستی تەواوی وەرگرتووە لە بیركردنەوە و بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی ڕووداوەكانەوە بخاتەڕوو بەبێ دەست تێوەردانی كەسی دی.

لە شوێنێكی دیكەدا لەكاتێكدا حاجی زوهدی بازرگان خۆجە ئەلاقوڵی دەبینێت، ئەلاقوڵی گلەیی ئەوە لەلای حاجی زوهدی دەكات، كە سێ ژنی هەیە، بەڵام تەنیا دوو كوڕی هەیە، دادی بێ كوڕی دەكات، لەم كاتەدا حاجی زوهدی شەنگێی كچی، كە خۆشەویستی ئەحمەدی خانییە، بیردەكەوێتەوە، لەدڵی خۆیدا دەڵێ: 'باشە بۆ شەنگێی كچم بە خۆجە ئەلاقوڵی نەدەم! خۆ لەو چاكتر نادۆزمەوە! بەمشێوەیە لە مەلا ئەحمەد و قسەی خەڵكی ڕزگارم دەبێت. خۆجە ئەلاقوڵی پیاوێكی دەوڵەمەندە و ئەگەر كیژەكەمی بدەمێ، ئەوا پشكێكم لە پارەكەی هەر بەردەكەوێت. خۆ ئەگەر شەنگێ كوڕی بۆ هێنا، ئەوا میراتەكەی بۆ من و نەوەكانم دەمێنێتەوە'' جان دۆست: ٧١.'

لەم مۆنۆلۆگەدا دیسان هەست بە تەنیایی كارەكتەر دەكرێتەوە، كە لەپشتیەوە كەسی لێ نییە و تەنیا خۆیەتی ڕووداو و بیروبۆچوونەكانی خۆیمان بۆ بەیاندەكات، هەروەها لەڕێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە ویژدانی كارەكتەر و بیروبۆچوونەكانی و هەڵوێستەكانی لەمەڕ ئەو ڕووداوانەی، كە دەشێت لەداهاتوودا ڕووبدەن ڕووندەبێتەوە، ئیتر بۆ ئێمە ئاشنایە كارەكتەرێكی چۆنە.

2) مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:

ئەمجۆرە مۆنۆلۆگەیە، 'كە لە شوێنی جێناوی كەسی یەكەمی تاكی 'من' جێناوی كەسی دووەم و سێیەمی تاكی 'تۆ، ئەو'ی تێدابەكاردەهێنرێت، جۆری ئەم دوو جێناوەش پەیوەندی بە گۆشەنیگای كەسایەتییەكەوە هەیە' ' خدر، ٢٠١٢: ١٧٨'. بەهۆی ئەو دوو جێناوەی تێیدابەكاردەهێنرێت، هەست بەوە دەكەین 'لەم مۆنۆلۆگەدا گێڕەرەوە هەمووشتزانە و ئاگای لە هەموو هەڵسوكەوتێكی كەسێتییەكانە لە هەموو ڕوویەكەوە' 'مستەفا، ٢٠١٠: ٢١٤'.

لەم سۆنگەیەوە 'كەسێک هەیە، كە دەبێتە گوێگری قسەكەر، یان گریمانەی ئەوە دەكرێت قسەكانی كارەكتەر ئاراستەی گوێگرێكی تایبەتی دەكرێت' 'ئەڵوەنی، ل62' كاتێک گێرەرەوە قسەكانی كارەكتەر دەگێڕێتەوە، خوێنەر هەست بەوە دەكات كارەكتەر لە چ كاتێک و چ شوێنێكدا دەژی و قسەكانی ئاراستەی كێ كراوە.

sjh@univsul.edu.iq

لەڕۆمانەکەدا دەتوانین درک بە تەکنیکی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ بکەین، کاتێک بوهاری شیعر بە زمانی تورکی دەهۆنێتەوە، بەڵام خانی دەبینێت بە زمانی کوردی دەنووسێت، دیارە لەوسەردەمەدا کوردی نووسین باونەبوون و شتێکی نامۆبووە، بۆیە بوهاری گاڵتە بە خانی دەکات و لەدڵی خۆیدا دەڵێت: 'تەماشای ئەم شێتج و شورە بکەن! کێ ئەم کوتاڵە کۆن و ڕزیوەی لێدەکڕێت؟ کێ بەجامی مسینی ئەو ئاوی لیخن دەخواتەوە؟' 'جان دۆست، :٧٩'.

لێرەدا هەست بە دەنگی گێڕەرەوە دەکەین، کە تێکەڵ بەدەنگی کارەکتەرەکە بووە، هەروەها ئەوەش هەستپێدەکەین، کارەکتەر بۆ گوێگرێک قسەدەکات، خوێنەریش بەشێوەیەک تێکەڵ بە مۆنۆلۆگەکە دەبێت، کەخۆی لە قاڵبی گوێگردا دەبینێتەوە.

لەشوێنێکی دیکەدا، کاتێک خالیدی چۆلاق بۆ شەڕی ئیرەوان دەڕوات، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە دەستەی پیادەی تەور بەدەستان دەبن، پێش ئەوەی بڕۆن بۆ شەڕەکە، زۆرێک لە سەربازەکان گاڵتەیان پێدەکەن و ناویان دەنێن قەسابی بەرازان، خالیدی چۆلاق و هاوڕێکانی بەم ناسناوە دڵتەنگ دەبن، بۆیە خالیدی چۆلاق لەدڵی خۆیدا دەڵێت: 'با سبەی شەڕ دەستپێبکات، دەبینن چۆن تەورەکانمان لە شیرەکانی ئێوە بڵاچەدارترن. لە مەیداندا پێتان نیشاندەدەم کێ قەسابی بەرازانە 'جان دۆست:١٤٨'.

لەم مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر کاتی داهاتوو باسدەکات، بەهۆی ئەم مۆنۆلۆگەوە هەڵوێست و ویستی کارەکتەرمان بۆ ڕووندەبێتەوە لەو ڕووداوانەی، کە لەکاتێکی نزیکدا ڕوودەدەن، هەستیش بە هەبوونی گوێگرێک دەکەین، چونکە کارەکتەرەکە قسەکانی ئاراستەی کەسێک دەکات، هەروەها کاردانەوە دەروونییەکانی کارەکتەرمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن کاردەکاتە سەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دەرەکی و پاشان ئەم کاردانەوانە لەڕووداوەکاندا ڕەنگدەدەنەوە.

## تەوەری چوارەم: ناوەڕۆک و تایبەتمەندیی و جیاوازی سەلیقەی گێڕانەوە لەمیرنامەدا:

### یەکەم: ناوەڕۆکی ڕۆمانی میرنامە:

ناوەرۆکی ڕۆمانی میرنامە، پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات باسدەکات، وەك ڕەمزیش پەنای بۆ لایەنە شاراوەکانی ژیانی شاعیری مەزن ئەحمەدی خانی '1651ز-1707' بردووە و کردوویەتی بە تیشکۆی جووڵەکانی ڕۆمانەکە و سیمبولی ئەو ڕۆشنبیرەی هەمیشە نەیار و ناکۆك بووە بەشتە ناتەواوەباوەکانی سەردەمەکەی و خامەی دژ بە ستەمکاران تیژ و لەگەڕدا بووە، چۆن لە مزگەوت بە گوتارەکانی و لە هۆزانەکانیشیدا هانی خەڵك دەدات بۆ دژوەستانەوەی میر و دەرەبەگە خۆفرۆشە بەرماوخۆرەکوردەکان و نەچوونی کوردان و بەشداری نەکردنیان لە شەڕی سەفەوی و تورکدا. هانیاندەدات خۆیان نەکــەنە سووتەمەنیی شەڕی داگیرکەران و لە دژیان بوەستنەوە، باس لە خودان خامەیەکی ئازاد دەکات، هەمیشە ڕۆڵی ڕەخنەگر دەگێڕێت، نەك ئەستۆخوار و زوڕناژەن و کەواسووری بەرلەشکری ستەمکار و داگیرکەران.

بەشێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی ڕۆمانی 'میرنامە' هەڵگری کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆرە، سەرجەمی ئەو بابەتانە بەهزروبیری ئەحمەدی خانی هاتوونە ئاراستەکردن، کە لەم خاڵانەدا دەیخەینەڕوو:

sjh@univsul.edu.iq

1. ڕزگارکردن و سەربەخۆبوونی کوردستان لەژێردەسەڵاتی عوسمانی و سەفەویدا.
2. یەکگرتنی عەشیرەت و بنەماڵەی کوردان و هاوکاری نەکردنی دوژمنان.
3. گرنگیدان بە خوێندن و نووسینی پەرتووکان، بۆئەوەی کوردستان ببێتە مەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی.
4. خۆناسینی کوردان و گرنگیدان بەزمانی شیرینی کوردی و پەیداکردنی هەستی ناسیۆنالیستی لەلای هەرتاکێکی کورد.
5. میانڕەوی لەکۆمەڵگەی کوردیدا و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی سەرجەم ئاین و ئاینزاکان.
6. هۆشیارکردنەوەی میر و دەسەڵاتدارانی کورد، کە تەنها گرنگی بەپارە و کەیفخۆشی خۆیان نەدەن، ئاگایان لە هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەیان بێت.
7. ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە، کە بۆ ئێستاش دەبێتە باشترین شت. وەکو باسمانکردووە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی مێژوو و ژیانی ئەوکاتەی، میللەتی کوردە، کە خانی تێیدا ژیاوە.

### دووەم: تایبەتمەندیی گێڕانەوە لە 'میرنامە' دا:

ڕۆمان چەندین تایبەتمەندیی گرنگی هەیە، ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەهەندێکیان بکەین بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو نووسینی سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکەیە، جان دۆست لە ڕۆمانی 'میرنامە'دا بەدەروازەیەکی چڕوپڕ دەست بە نووسینی ڕۆمانەکە دەکات، سەرەتای ڕۆمانەکە بە مردنی خانی دەستپێدەکات و دواتر لەڕێی ئەو کەسانەی لە ناشتنەکەی خانیدا بەشداریدەکەن، ژیانی خانی و هەندێك لە ڕازەکانی و جۆری مردنی لە دەمی کاراکتەرەکانی ناوڕۆمانەکەوە دەگێڕێتەوە، کۆتایی ڕۆمانەکەش بەجۆرێکە دەتگەڕێنێتەوە خاڵی سەرەتا واتە ڕۆمانێکی بازنەیە لەکۆتایەوە دەستپێدەکات و دەگاتەوە بەهەمان شوێن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕۆمان ئەوەیە، تەکنیکی نوێ و فەنتازیای تێدابەکاربهێنرێت، ڕۆمانی میرنامە تەکنیکی نوێ و فەنتازیای تێدابەکارهێنراوە و لە هەر بەشێکدا کاراکتەرێك دەیگێڕێتەوە و لە دیدوبۆچوونی خۆیەوە بۆ مەرگی خانی دەڕوانێت و ڕاز و نهێنییەک ئاشکرادەکات، واتە هیچ یەکێکیان گێڕەرەوەی هەمووشتزان نین. لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بەشێکدا لای هەر یەکێکیان زانیارییەکی نوێت لەسەر چۆنێتیی مەرگی شاعیر دەستدەکەوێت، فەزای ڕۆمانەکە زۆر نایابە دەیان چیرۆکی بەتام دێتە ڕێت، وە هەستی بەردەوامی خوێندنەوە هەمیشە ئەتبزوێنێت، چونکە بە تەکنیکێکی زۆرنایاب نووسراوە و گرێدانی ڕووداو و کارەکتەرەکان زۆر بە لۆژیک کراوە، بە ئاشکرا هەستدەکەیت، کە نوسەر زۆر بە سەلیقەوە ئەم بەرهەمەی خولقاندووە و بە جوانی ڕۆچووەتە ناو ناوەڕۆک و پەیامی سەرەکی ڕۆمانەکە.

تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵ یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ڕۆمان، کە 'جان دۆست'، بەو سیحری نووسینەی واقیع و خەیاڵی بەجۆرێك تێکەڵکردووە، کە خوێنەری گەڕاندۆتەوە بۆ سێ سەد ساڵ لەمەوپێش و شیوەن لەگەڵ تەیموری فاسق و مەلا سمایل و زاریکردن لەگەڵ 'شەنگێ' دا چی دیکەی لەدەستنەیەت. جگە لە ڕووداو و کارەساتەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەوکات، خەون و خولیا و فانتازییە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی، مێژوویی و هەنووکەییەکانیشی گرتۆتەوە، جان دۆست لە میرنامەدا لە واقیع دانەبڕاوە. زۆربەی کەسایەتی و ڕووداو و کارەساتەکانی ناو ڕۆمانی 'میرنامە' کەسایەتی و ڕووداو و کارەساتی کۆمەڵگەی کوردین، ڕۆمان دەبێ قەناعەت بکات بەو شتەی وەکو واقیع بۆمان باسدەکات. بەمشێوەیە ڕۆمان قەڵەمڕۆییەکی دیاردەناسی لەبن نەهاتووە.

sjh@univsul.edu.iq

**سێیەم: جیاوازی سەلیقەی گێڕانەوەی 'میرنامە' لەڕۆمانەکانی دیکە:**

1. شێوازی نوسینی ڕۆمانەکە زۆر جیاوازە، وەک ڕۆمانێکی تەقلیدی بەشبەش نییە، کە هەر بەشەو ڕوداوێک باسبکات، بەڵکو هەر بەشە بریتییە لە بینینی کارەکتەرێکی جیاواز بۆ هەمان ڕووداو، کە مەرگی خانییە، لەناوبەشەکاندا بەشۆکەی بچوکتر هەیە، کە ڕووداوی جیاواز و تایبەتمەند بە کارەکتەری دیاریکراو لەخۆدەگرێت، ئەمەش شێوەیەکی سەرنجڕاکێشە لە ڕۆمان، کە لەڕۆمانی کوردیدا شتێکی هێندە باو نییە.
2. گەلێک تەکنیک هەن ڕۆمانی 'میرنامە' لە ژانرەکانی دیکە جیادەکەنەوە. یەک لەوانە خێراییە، خێرایی، واتە پێوەری ڕیتمی گێرانەوە، خێرایی لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دیکە دەگۆڕێت، کۆمیدی لە دراما خێراترە، ئاکشن سەسپێنس خێراترە. ڕیتمی گێرانەوەی ڕۆمان لەسەردەمی دوای پۆستمۆدێرنیزم دەبێت خێرابێت، ئەگینا خوێنەر ڕەتیدەکەنەوە، جان دۆست لێرەدا بەم تەکنیکە ڕۆمانەکەی لە ڕۆمانەکانی دیکە جیاکردۆتەوە.
3. زۆر نەچوونە قوڵایی سیفەتە فیزیکییەکانی 'خانی' ، یاخود هەر بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکە، ئەمەش ڕۆمانەکە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، هەروەها ئەو هەستە دەبەخشێتە خوێنەر، کە خانی تەنها ئەحمەدی خانی هۆزانڤان نییە، بەڵکو خانی نوێنەری گەلێکە، کە هەمیشە خواستی یەکگرتوویی هەبووە، لەگەڵ برا نەتەوەییەکانیدا و سەرکردەش لەم ڕۆمانە میرێکی دیاریکراو نییە، کە لە زەمەنێکی دیاریکراودا هەڵەیەکی دیاریکراو بکات ، بەڵکو زیاتر ئەو هەڵە و کێشانە باسدەکات، کە هەمیشە دووبارەو دەبارە دەبنەوە لای سەرکردەی کوردی بەبێ ئەوەی یەکێک لە هەڵەی ئەوی پێش خۆی فێربووبێت.
4. جان دۆست بەهۆی زانیارییەکی زۆر و وردەوە دەربارەی سەردەمی خانی و ژیانی ئەوکاتی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، توانیوێتی وێنەیەکی زیندوومان پێ ببەخشێت، وەک ئەوەی ڕۆمانەکە لە زەمانی خودی خانیدا نووسرابێت، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە زۆر نایابەکان، کە لە گێرانەوەی ڕۆمانووسەکانی دیکەدا کەم بەدیدەکرێت.
5. پەیوەندی نێوان بەشۆکەکان لەنێو بەشەجیاوازەکاندا زۆرباش ڕێکخراوە بەجۆرێک، کە کارەکتەری دووەم دیوی دووەمی هەمان ڕووداو دەگێڕێتەوە، بە جۆرێک تەواو دابڕاو لە دیوی یەکەمی کارەکتەری یەکەم، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی تەواویشیان هەیە، وەک چۆن دوودیوی یەکدراو هەرگیز بەیەک ناگەن، لەگەڵ ئەوەی هەردوو دیوەکە هەمان دراون. ئاواش خاوەن بیرە جیاوازەکان تەواو هەقی خۆیان لە گێرانەوەی هەمان چیرۆک پێدراوە.

**ئەنجام**

**لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:**

1. جان دۆست لە 'میرنامە'دا خەیاڵی خۆی تێکەڵ بە ڕووداوێکی مێژوویی کردووە، ئەمەش شێوەیەکی سیحری بەدەقەکە بەخشیوە.
2. ئەحمەدی خانی لە ' میرنامە' دا وەک سیمبولی ئەو ڕۆشنبیرانە، بەگژ دەسەڵاتدا چووەتەوەو ئەوەیان پیشاندەدات، چۆن میرەکانیان بەرامبەر یەکتر شێرن و یەکدی دەچەوسێننەوە، بەڵام لەبەردەم داگیرکەراندا نۆکەر و بێدەسەڵاتن.
3. یەکێک لە ڕێگەکانی گێرانەوە دایەلۆگە، جان دۆست دایەلۆگی بەهەردوو جۆری ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ بەکارهێناوە، هەوڵیداوە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو جۆرەکە بپارێزێت.
4. بەهۆی بەکارهێنانی ڕێگەی گێرانەوەی مۆنۆلۆگ بە هەردوو جۆرەکەیەوە، لەنێودەقەکەدا، لایەنە شاراوە و پەنهانەکانی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو.

5. فرە گێڕەرەوەیی بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، بەهۆی بوونی کارەکتەری جیاوازەوە لەنێو دەقی ڕۆمانەکەدا.
6. گێڕانەوەی بازنەیی بەکارهێناوە، کە کەمتر لە ڕۆمانەکانی دیکەدا بەکاردەهێنرێت، گێڕانەوەکە هەرجارە و دەچێتە لای کەسێك و بەم جۆرە بەسەریاندا دەسوڕێتەوە.
7. یەکێک لە ڕێگەکانی گێڕانەوە لەڕۆماندا وەسفە، کە ڕۆماننووس لەگێڕانەوەکانیدا زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی دیکە بەکاریهێناوە.
8. ڕۆماننووس لەڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە ئۆباڵی بەشێکی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەئەستۆی ناهەمواری و دژواری بارودۆخە سیاسییەکەیەتی.
9. 'میرنامە' کێشەجیاوازەکانی کۆمەڵگەی دەرخستووە، لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە لەوسەردەمەدا باوبوون.
10. ڕۆمان جۆرێکی نووسراوە، لە جۆرەکانی گێڕانەوە، ئەگەر گێڕانەوە چەند جۆرێکی هەبێت، ئەوا ڕۆمان یەکێکە لە جۆرە باڵاکانی گێڕانەوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب


1. ئەڵوەنی، نەجم '٢٠٠٤' بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چ سەردەم، سلێمانی.
2. ئەڵوەنی، نەجم '٢٠١١' سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
3. ئەڵوەنی، نەجم '٢٠١٥' دەسەڵاتی حیکایەتخوان لە چیرۆکدا بە نموونەی کۆچیرۆکی 'کێ وەستا کەریمی کوشت؟'، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
4. ئەڵوەنی، نەجم '٢٠١٧' تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپی یەکەم چ.ز.سەلاحەدین، هەولێر.
5. دۆست، جان، و:سەباح ئیسماعیل'٢٠١٤'میرنامە، چاپی دووەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
6. دۆست جان، و:سەباح ئیسماعیل '٢٠١٧' میرنامە، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، ئێران.
7. حسن، حمە سعید '٢٠١٨'ڕۆمان و ژیاننامە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ وبلاوکردنەوە،هەولێر.
8. خدر، ڕێزان ڕەحمان '٢٠١٢'تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی 'عەبدوڵڵا سەراج' دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
9. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا '٢٠٠٨ '، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی، و.لە عەرەبیەوە: نووسەر خۆی، سلێمانی.
10. زادە، هاشم ئەحمەد '٢٠١٥' جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مانگ، بانە.
11. زادە، هاشم ئەحمەد '٢٠١٨'گێڕانەوەناسی، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوە چاپخانەی مانگ. بانە.
12. سەراج، عەبدوڵا '٢٠٠٧'بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپی سەردەم، سلێمانی.

13. سەعید، جەلال ئەنوەر '٢٠٠٩' تەکنیکی گێرانەوە لە ڕۆمانی 'ئێوارەی پەروانە'ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
14. شێخ محمد، سەنگەر قادر '٢٠٠٩' بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی'مەم و زین' ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی 'شاری مۆسیقارە سپیەکان' ی بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی-دهۆک.
15. مستەفا، جەواد '٢٠٠٨' ڕۆمان چییە ؟ چاپی یەکەم، چ. خانی، دهۆک.
16. مستەفا، ڕێزان عوسمان '٢٠١٠' بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لەڕۆمانی باشوری کوردستان دا ساڵی '1985-1990'چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک.
17. موفتی، پەری سالح '٢٠١٢' گێرانەوە لە چیرۆکەکانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**دووەم : نامەی ئەکادیمی**

18. ئەبوبکر، شیاو رەشید '٢٠٠٨' شێواز لە ڕۆمانی 'دواهەمین هەناری دونیا'ی بەختیار علی دا نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
19. ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد '٢٠١٥' هونەرەکانی گێرانەوە لە ڕۆمانەکانی 'خوسرەو جاف'دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
20. سابیر، ئەردەلان شوکر '٢٠٠٢' تەکینکی گێرانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی 'شیرکۆ بێکەس' دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
21. عەلی، ئارەزوو محەمەد '٢٠٠٩' تەکنیک لە ڕۆمانەکانی 'عەبدوڵلا سەراج' دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

سێیەم: گۆڤار

22. ئەمین، سیروان جبار و حسێن، کاظم شێخ '٢٠١٨' بەراوردکرنی ڕۆمانی 'میرنامە'ی جان دۆست و ڕۆمانی 'سەمەرقەند'ی ئەمین مەعلوف لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی سلاڤی، گ. توێژەر، بەرگی یەکەم، ژمارە '٢'.
23. بەرواری، هۆشیار جەمال '٢٠١٩' خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی میرنامە، گ.کلتور، ژ٧٦.
24. شێروانی، کاوە '٢٠١٢' گێرانەوە و زمان لە'پێنجەمین کتێب'گۆڤاری ڕامان،ژمارە '١٧٨'.
25. گەرمیانی، عادل '٢٠١٢' نوێکردنەوەی شێوازی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی د. فەرهاد پیربال دا ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە '178'.

**چوارەم: فەرهەنگ**

26. موکریانی، هەژار '١٣٨٨' هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی-فارسی، چاپی شەشەم، تهران.

## الملخص:

السرد كعملية التعبير والبوح لعب دورا مهما في حياة الإنسان، لذلك الإنسان منذ البداية بالسرد أشار بالأحداث التي حدثت في الماضي. هذا البحث بعنوان: مهارة السرد في رواية ميرنامه جان دوست ، سعي للتعرف على رواية ميرنامه، تقنية السرد في هذه الرواية تتكون من قسمين، قسم الأول: تحدثنا عن التعريف والمُعرِّف والنوع والأسلوب و في القسم الثاني تناولنا الوصف والعنصر والديالوك والمونولج ، والذي عُرض بأسلوب مباشر و غير مباشر في هذه الرواية، وكذلك تحدثنا عن محتوى البحث وخصوصيته واختلاف مهارة السرد في رواية ميرنامه مع روايات أخرى، وعرضت نتيجة البحث و خلاصته باللغتين العربية والإنجليزية و قائمة المصادر في النهاية.


الكلمات المفتاحية: الوقت، المكان، العنصر، الديالوك و المونولج


## Abstract

Narration as a process of presenting and expressing creates an important part of human’s life, therefore humans in the beginning of life uses narration to talk about the events that happened in the past. This thesis “Narrative Skills in Jean Dost’s Novel Mirmama” is an opportunity to introduce Mirnama Novel and its techniques of narration. It is divided into two parts: in the first part, we discussed the terms and methods of narration and narrator and their types. In the second part, we described the places and the characters; we also discussed dialogues and monologues that are directly and indirectly presented in Mirnama. We also wrote about the content, properties, and the difference of narration. Finally, the result, table of references, and the summary of the research are presented in English language.


**Key words**: Time, Place, Character, Dialogue and Monologue.

sjh@univsul.edu.iq